هاوڕێ «قادر عەزیز» پۆستی وەزارەتی کشت وکاڵ و ئاودێری وەردەگرێ

ئاڵای ئازادی

ALAY AZADI

رۆژنامەیەکی هەفتانەی سیاسی یە

حزبی زەحمەتکیشانی کوردستان دەری دەکا

ژمارە (٢٩) خولی دووەم یەکشەممە ٥ / ٧ / ١٩٩٢ NO: 29 Sunday 5 - 7 - 1992 ناونیشان هەولێر ـ کەرەکی ئازادی ٨ لاپەڕە نرخی ٥٠٠ فلسە

سەربەخۆیی یەکگرتنەوە سۆسیالیزم

ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان راگەیەندرا

. لەدانیشتنی بەیانی و ئێوارەی ڕۆژی ٩٢/٧/٢دا گفت و گۆ لەسەر ناوی وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق کرا. دانیشتنەکە زیاتر لە شەش سەعاتی خایاند.

. لەڕۆژی ٩٩٢/٧/٤ بڕیاردرا داواکەی بەڕێز محمد توفیق رحیم بۆ کشانەوەی لەجێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی پەسند بکرێت ،چونکە پۆستی وەزارەتی بێ سپیردرا بوو . پاشان بەڕێز دوکتۆر فوئاد مەعسوم سەرۆک ئەنجووومەنی وەزیران وتارێکی کورتی پێشکەش بەپەرلەمان کردو داوای کرد کە پەرلەمان رەزامەندی خۆی لەناوە پێشنیار کراوەکان بۆ وەزارەتی کوردستان نیشان بدا .

ئەمە ش ناوی ئەو بەڕێزانەیە کە بوونەتە ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق :

١ـ بەڕێز د. رۆژ نوری سدیق شاوێس جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی‌وەزیران ، وەزیری ناوخۆ بەوەکالەت .

٢ـ بەڕێز د. ئیدریس‌هادی وەزیری‌گواستنەوەو هاتوچۆ.

٣ـ بەڕێز محمدامین مولود امین وەزیری پیشەسازی و وزە.

٤ ـ بەڕێز شێرکۆ بێکەس وەزیری‌ڕۆشنبیری .

٥ـ بەڕێز دصلاح‌الدین محمد حسن حەفید وەزیری دارایی و ئابووری .

٦ـ بەڕێز قادر عەزیز محمد امین وەزیری کشت و کاڵ و ئاودێری .

٧ـ بەڕێز کافیە سلیمان وەزیری شارەوانی و هاوینە هەوارەکان .

٨ـ بەڕێز لواء کمال مفتی وەزیری کاروباری پێشمەرگە.

٩ـ بەڕێز کەمال شاکروەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی.

١٠ـ بەڕێز د.مەئمون نور محمد بریفکانی وەزیری ئاوەدان کردنەوەو پەرەپێدان .

١١ـ بەڕێز محمد توفیق رەحیم وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری .

١٢ـ بەڕێز محمد مەلا عبدالقادر وەزیری ئەوقافو کاروباری ئیسلامی .

١٣ـ بەڕێز د.ناسح غفور وەزیری پەروەردە .

١٤ـ بەڕێز یونادەیوسف کنا وەزیری ئیشغال و نیشتەجێ کردن .

هەروەها دانانی وەزیری دادپەروەری دواخرا بۆ چەند رۆژێکی تر.

دوای ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان بەتێکڕای دەنگ رەزامەندییان لەسەر یەکەیەکە وەزیرەکان راگەیاند، بەڕێز جەوهەر نامیق سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق گووتەیەکی کورتی ئاراستە کردن کە تێیدا گوتی : ئەم ئەزموونە نوێیە ئەرکێکی زۆری لەسەر شانە و گوزەرانی خەڵک و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و گەشە پێکردنی ، پێویستی بەهەوڵدانێکی زۆری بەڕێزتان هەیەو هیواشم سەرکەوتنتانە ئینجا بەڕێز سەرۆکی وەزیران‌سوپاسی ئەندامانی پەرلەمانی کردو دانیشتنەکە کۆتایی هات .

ئەوەی شایانی باسە، بەڕێز خاتوو (دانیال میتران) میوانی پەرلەمانی کوردستانەو بڕیاریشە ئاهەنگێکی قەشەنگی بۆ ساز بکرێ .

هەڵوێستمان

جارێکی‌تریش دووپاتی دەکەینەوە کە لە پێناو ئیدارەیەکی بەتوانا لە کوردستانداو هەروەها بۆ بەسەرراگەیشتنی کاروباری کوردستانو چارەسەرکردنی گیر وگرفتە ئابووریو ئیداریو بژێوییەکانی خەڵکی کوردستان پێویستە پەرلەمانی کوردستان دەستوبرد لە پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستاندا بکا ، ئەو ئەنجوومەنەی کە گەلی کوردستان هەر لەدوای هاتنەکایەی پەرلەمانەوە چاوەنۆڕی دروستبوونیەتی . بۆیە لەرێگای راپەراندنی ئەم ئەرکە بەپەلەیەدا نابێ گیانی تەسکی حیزبایەتیو شتی لابەلا بکرێنە کۆسپو تەگەرەو ، چیتر ئەم پێکهاتنەی ئەنجوومەن دوابخرێ ، لە کاتێکدا کە توانای بەرگە گرتنی خەڵک گەیشتۆتە ئەو پەری لاوازی .

ماوەیەکی زۆرە گەلی کوردستان سەبارەت بە نەبوونی دەسەڵاتێکی رەسمیو ئیدارەیەکی ناوەندییەوەو ، هەروا سەبارەت بەگەمارۆی ئابوری وئیداری لە ناهەموارترین باری ژیانو گوزەران هێنمایەتیدا دەژی . بەردەوامبوونی لەمە زیاتری ئەم بارودۆخە پڕ لە بێزارییەی جەماوەری کوردستان سەرەنجام بە سوودی دوژمنو ناحەزانی گەلی کوردستان دەشکێتەوەو، رۆژ لە دوای رۆژیش مەترسییەکی پتر داوێتە سەر چارەنووسی .

گەلی کوردستان ئاواتێکی گەورەی بەپەرلەمانەکەیەتیو ، دەبێ پەرلەمانیش شایستەی متمانەی ئەو خەڵکەو ئاواتە مێژووییەکانی بێت لە پێش هەموشیانەوە پێکهێنانو دەست بەکاربوونی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانە .

یەك دارایی ، یەك !

دوای راپەڕین،لەکوردستاندا لە ئابوورییەکی پڵە سفرو وڵاتێکی کاول وویران بەولاوە چیتر نەبوو، دوای ئەمەش گەمارۆیەکی گەورەی ئابووری بوو بەسەربار . بەڵام وێڕای ئەمەش ئەگەر بهاتایەو داهاتی بەرەو ئەو باربووەی لەدەرەوەڕا بۆ کورد دەهات یەکێ دەستی دڵسۆزو پێنەک گیرفان سەروبەری بکردایە دەکرا ئەو داهاتە ببێتە کۆسپ لەرێگای ئەو پەرێشانی و قات و قرییەی ئەمڕۆ کەرتێکی فراوانی جەماوەری کوردستان بەدەستیەوە دەناڵێنێ .

داهاتی بەرە، وەک لەزاری یەکێ لەسەرکردەکانەوە بیستمان لەیەکێ رۆژدا (٢) ملیۆن دینارە . واتە لە مانگێکدا (٦٠) ملیۆن ولەساڵێکدا (٧٢٠) ملیۆن . واتە لەداهاتی ساڵانەی هەفدێ وڵاتی سەربەخۆی ئەفریقاو ئاسیا زیاتر . بەڵام یەک نەبوونی دارایی و(فرەگیرفانی) لە خەرج کردندا ئەم پارەوپوولەی ـ کورد گوتەنی ـ کردە میۆزی سەربووکێ و بوو بەهۆی ئەوەی گوزەرانی نالەباری بەشێکی گەورەی جەماوەر(بۆنمونە مامۆستایان) فەرامۆش بکرێ و لەماوەی پێنج مانگدا تەنیا یەک مووچەیان (ئەویش بەهەزار کوێرەوەری) بدرێتێ . پەندێکی باو هەیە دەڵێ : (زۆربەی خەڵک وێڵی دوای ئازادین بەڵام هەرهەموویان تێکڕا وێڵی دوای یەکسانین) . ئەمڕۆ لەسایەی نەبوونی یەکسانی لەدابەشکردندا هەندێ گیرفان هەن تادێ گەرمتر دەبن وهەندێکی تریش بۆ تەپانی بنی بێ دەرامەتی وبێ بژێوی شۆڕ دەبنەوە .

ئەگەر پەرلەمانی کوردستان زۆر زوو فریای ئەم بارە ناهەموارە نەکەوێ و هەنگاوی گورج وگۆڵ بەرەو یەک دارایی نەهاوێژێ و هەموو داهاتەکان نەکا بەیەک ئەوا دڵنیابن کەکارەساتێک بەڕێوەیە .

وەفدی حزبمان گەیشتەوە کوردستان .

هاوڕێ (قادر عەزیز) کە بە سەرۆکایەتی وەفدی حزبمان بۆ کۆنگرەی نیشتمانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی چووبوونە ڤیەننا ، لە ڕۆژی ٣٠ /٦/ ٩٩٢ دا گەیشتەوە کوردستان .

کودەتایەکی سەربازی دژی ڕژێمی بەغدا

(لیث کبة) قسەکەر بەناوی کۆمەڵەی نەتەوەیی عێراق بەڕادیۆی دەنگی ئەمریکای راگەیاند کە ڕۆژی دووشەممە ٢٩ /٦/ ١٩٩٢ تیپێکی سەربازی بە سەرکردایەتی (لواء صبری محمود) بە نیازی روخاندنی رژێمی بەغدا بەرەو بەغدا بەرێکەوتو پیاوانی تایبەتی سەدامی سەر بە (الامن القومي) کە دارو دەستەو بنەماڵەی ئەون ، هەوڵەکەیان پووچەڵ کردەوە و(صبری محمود) یشیان کوشت ، ئەم کودەتایەی بەغدا هاوکات لەگەڵ تەقینەوەکانی کەرکوک بوون کە تێیدا زیاتر لە (٧٠) کەس لە پیاوانی رژێم کوژران . ئەوەی شایانی باسە بە ئاشکرابوونی ئەم کودەتایە سوپای عێراق لە (انذارج) نو چەندین سەردارو پێشەوای سەربازیش کوژراون .

ئەمریکا پاڵەپەستۆ داوێنە سەر ئوردن

حکومەتی ئوردن بواری ئاوابوونی کەلو پەلی قەدەغەش بۆ حکومەتی عێراق دەدات بەمەش کاربەدەستانی (UN) نیگەرانن‌و نارەزاین بەوەی کەمارۆکەی سەر عێراق پێشێل‌دەکرێت‌و بەندەری " العقبه " بووتە بوارێکی ئازاد بۆ هەناسەی ئابووریو چەکسازیان .

بۆیە حکومەتی ئەمریکا سوورە لەسەر ئەوەی چاودێری تایبەتی لەسەر سنوور دابنێو پاپۆرەکانی بەندەری " العقبه " دەبێ بە وردی بپشکێنرێن

ماندیلا : من فرمەنگاری گەلەکەم .

لەم دوایی یانەدا ، نیلسون ماندیلا خەڵاتی (ئەتاتورک) ی رەتکردەوە ، کە کاربەدەستانی تورکیا بەخشیویانە بەم تێکۆشەرە ئەفریقیاییە . ماندیلا ئەو خەڵاتەی رەتکردەوە ، چونکە مافی مروڤو مافی نەتەوەیی کورد لە تورکیا پێشێل دەکرێن . لە بەرانبەر هەڵوێستی شۆڕشگیرانەی ئەم تێکۆشەرەدا ، بەپێویستم زانی کورتەیەکی خەباتو تێکۆشانی بخەمە بەرچاوی خوێنەران :

نیلسون ماندیلا ڕێکەوتی ١٨ ی تەمووزی ساڵی ١٩١٨ لە ناوچەی ترانسکی لە دایک بووەو ، بووە بە پارێزەر " محامي " و ، هەر لە سەرەتای لاویەوە چووتە ریزی حیزبی کونگرەی نیشتمانیی ئەفریقیاو ، لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی " کومەڵەی لاوانی حیزب " یان دامەزراندو، هەر خۆیشی بە ئەمیندارى گشتیی کۆمەڵەو ، پاشان بەسەرکردەی حیزبی کۆنگرەو سەرکردەی ڕێکخراوی " نیری

بۆ لاپەڕە ٧

کاتێک ململانێی نێوان دژەکانی نێو کۆمەڵ ، پەیتاپەیتا توندوتیژتر دەبێت وچینەکانیش هەریەکەو بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان دەکەونە جۆسازدان بۆ بەلادا شکانەوەی ململانێیەکە . چینە چەوساوەکان ، بەتایبەت کرێکاران لەوکاتەدا هیچ چەکێک دادبان نادات جگە لە خۆرێکخستنو یەکخستنی خەباتی ناوتۆبیان دژی سەرمایەدارەکان. دیارە لەگەڵ هاتنەپێشەوەی زەرورەتی رێکخراوبونی خەبات خەڵکانێکی هوشیاری سەر بەبیروتیوری ئەم چینە هەڵدەستن بەخۆرێکخستن ودارشتن وپێشنیار کردنی بەرنامەو پەیرەوێکی ناوەخو، کەگشت ئامانجە سیاسیەکانی چینەکەو چۆنیەتی وشێوەی نێکۆشان ویاساو سەرەتاکانی رێکخراوبوونی خەبات تیادا، دەست نیشان دەکرێت، ئاشکرایە ئەو خۆریکخستن وکۆبونەوە لە دەوری بەرنامەیەک کەهێڵی فیکری وسیاسی و فەلسەفیان بۆ خەڵک دەردەخات ، لەپێناو مەبەستێکی سیاسیە. ئەویش رزگاری ونەهێشتنی چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مروڤە.

دیارە ئەو ئامرازەی لەپێناو گەیشتن بەمەبەستێکی سیاسی خەڵکە شورشگێڕەکە هانای بو دەبەن . حزبە ، حزبێش هەرواشتێکی سادەوساکارو سەرپێی نیە ، بەڵکو چەندان سەرەتایی بنیاتی گرنگی هەیە . ئەم سەرەتایانەش بەبێ بوونی خەڵکێکی شارەزاو گۆش وتەیارکراوی مەیدانی تیوری و پراکتیکی ئەبێ ؛ ئەوە هەرگیزو هیچ حزبێکی شۆڕشگێڕیش ناتوانێ تاسەر پیادەی راست ودروستی لێ بکات وبەرەو لوتکەی ئامانجی سیاسی بروات ، کە ئەو کەسە شارەزایانەش لەحزبدا مەبەست (کادیرە) جا دەربارەی رۆڵی گرنگی کادیر لەژیانی حزب و بو پێشەوە بردنی . گشت حزبە چەپ و کرێکاریەکانی جیهان بەراشکاوی وبەردەوام دەیان وبگرە سەدان وتاریان لەسەر نووسیوەو لەلایەرەکانی بەرنامەو پەیرەوی نێوە خویان ئامازەیان بۆ ئەوە کردوە کە ئەگەر کادیر نەبێ ، گرنگترین بڕیارەکانمان تەنها مەرەکەبی سەر کاغەزەکان دەمێننەوە، وەڵی گەورەترین نەخۆشی تائێستا کە دەرونی هەموو حزبە چەپ وکرێکاریەکانی گرتبێتەوە ، نەخۆشی هەڵەی تێڕوانینی فعلیانەی حزبەکانە دەربارەی کادیر .... بۆیە بەپێویستی دەزانم یەک بەباری خۆم تیشکێک بخەمە سەر ئەم لایەنە گرنگەی حزب ، کەدەتوانم بڵێم وەدەست هێنانی ئەو ئامانجە سیاسیانەی کەحزب لە پێناویدا دورست بووە ، سەداسەد پەیوەندی بەکادیرو چۆنیەتی هەڵبژاردنو دابەش کردن وکاربێ کردن وپێش خستنی .... هەیە .

حزبیش وەک تاکە ئامرازێک لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکان کاتێک لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکی هوشیاری چینێک پێک دەهێنرێت ، بەر لەهەموو شتێک دەبێ فەلسەفەی ئەو حزبە ئاشکراو دیاربێت . بێ لێ دوان فەلسەفەی حزبە چەپ وکرێکاریەکانیش تەنها مارکسیزمە مارکسیزمیش ئەو زانستە مێژوویی ومادی و کۆمەلایەتی و ئابووریە فراوانەیە کەهەرگیزاوهەرگیز لەراوەستان نایەو رۆژانە لەگەڵ واقیعی بەرجەستەی مادی کۆڕانی بەسەر دادێ ، جائەگەر حزبێک تیورەکەی ئەم زانستیە هەمە لایەن وپیربەهایە بێ ، دەبێ ئەوکەسانەی وەک ئامرازێک لەپێناو مەبەستە سیاسیەکان ، بەکاری دەهێنن چەسپاو کەسانێک بن .

بەڵێ نەخۆشیە گرانەکە لێرەیەو گشت پاشەکەز بونەوەو بەرەو هەڵدێڕ چونێکی حزبە کرێکاریەکان لێرە سەرچاوە هەڵدەگرێ ، کەحزب لەهونەری دەست نیشان کردنو دروست کردنی کادیر ، شلی لێ دەکات و پەیتا پەیتا لاوازی و کەم توانایی لەگشت رووەکانی فکری و فەلسەفی و سیاسی لەلایەک وهونەری کاربێ کردنیان لەلایەکی تر دەکەوێتە نێو کادیرەکان و تادەگاتە ئەوەی هێڵی فیکریو سیاسی حزب بەتەواوی لەدەست دەدرێ و ئەو فەلسەفەی حزب لەبەرنامەی ئامازەی بۆ بنیات نانی کردوە ، فری بەسەر کادیرانی حزبەوە نامێنێ و لە ئاکامدا نەخۆشیەکە پیر دەبێت وچارەسەرەکەی مەحاڵ دەبێت .

بۆیە بەبیرو بۆچوونی من ، چۆن دەڵێن بەرنامەو ئایدولوژیای حزب ئەندامانی دای دەڕێژن .. هەروا پاراستنی ئەم هێڵە فکریەی حزبیش لەلادان و پاشەکەز بوونەوە بەپلەی یەکەمو سەرەکی لەئەستۆی کادیرانی حزبە بۆیە لێرەدا دەمانەوێ بڕەک لەسەر چەند لایەنێکی گرنگی کادیر لەژیانی حزبدا بنووسین . ئەوانیش :-

١- کادیرو فەلسەفەو ئایدۆلۆژیایی حزب : - وەک لە سەرەتاش باسمان کرد ، فەلسەفەی حزب ، ئەم فەلسەفە هەمە لایەنەی مارکسیزمە ، کەپێکهاتووە لە بەشەکانی ئابووری سیاسی ومادەی دیالەکتیک ومێژوویی و سوسیالیزمی زانستی ، کەگشتی تیورێکی رێ نوماکەری شێوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانە لەپێناو بنەبڕ کردنی چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤ وبنیات نانی کۆمەڵگایەکی بێ چین وچەوسانەوە . هەڵبەت دروست بونی گومان و دوودڵی لەراستی هەریەک لە پێگە سەرەکی و ناوەرۆکیەکانی ئەم زانستە باوەر لەق بوونە بە حەقیەتی دوارۆژی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کەبنیاتی سۆسیالیزمە. بۆیە پاراستن وبیرەوپێدانی فەلسەفەو ئایدولوژیای حزب پەیوەندە بە رادەی تەبارو گۆش کرانی کادیران بە شێوەیەکی داهێنەرانەی ئەم زانستە . چونکە ئەگەر کادیرانی حزب شارەزایی تەواویان لە فەلسەفەی حزب هەبێ ، ئەوا دەتوانن بەردەوام لەرێگای شانە حزبیەکانو کۆڕو کۆبونەوەو سمینارە گشتیەکان ؛ راستی تیوری حزب لەوکەسانە بگەیێنن کە رۆژانەو بەردەوام دەگەنە ریزی حزب . بەمەش ئەندامانی حزب نەک هەر بە مارکسیزم نامۆنابن ، بگرە هێدی هێدی ورۆژانە زیاتر شارەزایی پەیدا دەکەن ، تادەگانە ئەوەی گیانی بەخۆدانو پارێزگاری کردنیان لەئایدیولوژیای حزب چەکەرە دەکات. بەڵام خۆئەگەر کادیر ئاگای لەفکری حزب نەبێ و فەلسەفەکەی هەزم نەکردبێ ، یان بەهەڵەو سەرەروی لە هەندێک لایەنی گەیشتبێ . ئاشکرایە ئەو پاڵێوراو ئەندامانەی لەشانە حزبیەکان لەبەر دەستی ئەم جورە کادیرانە ، پرۆسەی حزبایەتی فێردەبن . ئەوەزۆر ئاساییە کەبەبیرو ئایدۆلۆژیای حزبەکەیان نامۆبن و تەنانەت دژیشی بوەستنەوە . بەمەش ئاکامی رێژەی هەرە زۆری ئەندامو کادیرانی دوا رۆژی حزب ، ئەو کەسانە دەبن ، کەتابەلەدی بیروبۆچون وفەلسەفەی چینەکەی خۆیانبن . ئائەنجام بەوە دەگات بەزۆربەی دەنگی ئەندامانی کۆنگرەیەکی حزب زۆر بەئاسایی فەلسەفە بنچینەکە رەت بکرێتەوە .

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەکادیر رۆڵی گرنگو بنچینەیی هەیە لەبەر قەرارمانەوەی حزب لە سەر فەلسەفەو ئایدۆلۆژیای خۆی تاگەیشتنی بە ئامانجە دورونزیکەکانی .. ئەمە لەلایەک ولەلایەکی تریش ، کادیر لەچاودێری ووریابوونی لەسەرکردایەتی و چونی بەرەو پاشەکەز بوونەوە ، دەتوانین بڵێین هەم دیسان رۆڵی ئەساسو بەرچاو دەگێڕێ . نمونە ... ئەگەر کادیران زۆربەی زۆری لەفەلسەفەی حزبەکەی خۆیان گەیشتبن و داهێنەرانە لەناوحزب پیادەی لێ بکەن ، ئەوە زۆر وریاش دەبن لەو بڕە ئەندامانەی سەرکردایەتی کەناوەناوەو پەیتا پەیتا لە ئاکامی ماندوبوون وپیربوون و کەوتنی فکری، دووچاری نەخۆشی لادان دەبنەوە ، بۆیە کاتێک دەبنە کۆسپ وتەگەرەی مەترسی دار، لەکۆنگرەی حزب چارەسەری دەکەن ولایان دەداو کادیری زیندوو تازە نەفەس و باوەر بەهێز بەفەلسەفەی حزب دەگەیێننە پلەی سەرکردایەتیو رەونی فکری وسیاسی حزب لە مەترسی رێ ون کردن دەپارێزن . بەڵام ئەگەر کادیرانی حزب ئاگایان لە مام شەهابی نەبێو لەبەر لاوازی و تێ نەگەیشتنی یان لە فەلسەفەی حزب ، هەست بەئەرکی خۆیان ناکەنو تەنانەت هاوڕێیانی سەرکردایەتی حزبەکەی ئەگەر لەو پەڕی فەلسەفەکەوە بچنە ئەوپەڕی فەلسەفەیەکی تر، ئەوە هەست پێ ناکەن وهەرپێیان وایە هەمان تاس و هەمان حەمامە.

٢- کادیرو چالاکیەکانی حزب : - دیارە کە حزب دروست دەبێ هەموو هەول وتەقەلایەکی دەداو چالاکی هەمە جۆری سیاسی و جەماوەری وتەنزیمی و راگەیاندنی دەنوێنێ. لەپێناو هەرچی زیاتری خرکردنەوەی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش لەدەوری ئالای خۆیەتی ، کەئاشکرایە بۆئەوەی حزب لەگشت بوارەکانی چالاکی نواندن سەرکەوتوانە کارەکانی ئەنجام بدات ، پێویستی بەکادیری کارامەو شارەزای بوارەکانی اعلامی ورێکخستن وسیاسیو جەماوەری بەتوانا هەیە . کەلێرەش دا بەهێزی حزب و گەشەسەندنی پەیوەندە بە بەهێزی وتوانای کادیرەکانی .... بۆیە ئەگەر حزب وریا نەبێت لەدروست کردنی کادیرو پێشخستنی چەند خاڵێکی گرنگ وبنچینەیی هەیە لەبەر چاو نەگێڕێ. ئەوە هەڵبەت حزب نابێتە خاوەنی ئەو کادیرانەی بتوانن چالاکی هەمە جۆری پێویست بنوێنن ، کە لەهەمووشی گرنگتر ، دانانی کادیرو دابەش کردنی کارە بەسەریاندا بەگوێرەی شارەزاییان و چاودێری کردنیەتی لەکاتی بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانیان .

٣- کادیرو گیروگرفتە دەرونیەکانی حزب :- بەوپێیەی حزب باوەڕی بەفەلسەفەی مارکسیزم هەیە ، دەبێ باوەڕیشی بە تەواوی یاسا بنچینەییەکانی فەلسەفە هەبێ و بەشێکی ئاسایشی بزانن کەلەناو خودی حزب ئەم یاسایانە کاری خۆیان بکەن . وەک یاسای (یەکێتی و ململانی دژەکان نەفی کردنی نەفی - گۆڕانی چەندایەتی بۆ چۆنایەتی) کەلێرەدا دەبێ بەپێی ئەم یاسایانە سەیری رووداوانی گیروگرفت و ململانێ و بیروباوەڕی جیاو یەکێتی نێوان دژەکان وگۆڕانی چەندایەتی بۆ چلۆنایەتی حزب و شوێن گرتنەوەی کۆن لەلایەن تازەوو گەلێک شتی تر بکرێت کەواتە ئەگەر کادیرانی حزب هەردەم لەروانگەی فەلسەفەی حزبەوە سەیری گیروگرفتەکان بکەن و هەردەم شۆڕەسواری ململانێ شۆڕشگێڕانەبن ، لەپێناو بنەبڕکردن و بەزاندنی کۆسپە ئاساییەکان کەدێنە رێگای گەشەکردنی حزب . ئەوا بەردەوام گیانی دیالەکتیک وپیرۆزی ئایدۆلۆژیاکە زیندو دەمێنێتەوە .

بۆیەبەرای من ئەو گیروگرفتە ئیداری و سیاسی و فکریو تەنزیمیانەی کەلەمیانی خەبات وتێکوشانی حزب یەخە گیری دەبنەوە ، دەبێ بەشتێکی ئاسایی وەربگیرێ و بەو پەری دیموکراتیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن . هەروا نابێ خۆیان دورە پەرێز بگرێ و پێیان وابێ ئەوان بێ بەشن لەوگیروگرفت و ململانیانەی حزب ، بەڵکو دەبێ کادیر چۆن لەروانگە فەلسەفەوە دەڕوانێتە ململانێی ناوخۆیی، هەرلەم روانگەشەوە دەبێ خۆیان بەلایەک دابگرن .. ئەوەی لێرەدا جێگای مەبەستە ئەوەیە کەدیسان هەرکادیرە رۆڵی ئەساسی و یەکلاکەرەوە دەگێڕێ لەدەست نیشان کردنی چارەنووس ودوا رۆژی رێبازی حزبەکەیی و پارێزگاری لێ کردنی . بەتایبەت لەوکاتانەی دوژمنانی حزب بە هەموو شێوەیەک هەول دەدەن درزێک لەحزب بدۆزنەوەو خۆیان تیادا بخزێنن ، بۆ ئەوەی مەبەستە گڵاوەکانی یان لەئاژاوەگیران و بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندەی روخێنەرو دروست کردنی پەرێشانی فکری ، بینندەی ، بەرپەرچ دانەوەو پوچەڵ کردنەوەی هەولی دوژمنانی ناوەخۆو دۆزینەوەیان لەریزەکانی حزب و پاکتاو کردنیان بەشێوەیەکی چاونەترسانە ، هەربەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ رادەی وشیاری و چاونەترسی کادیر ....

خوێنەری هیژا .. کادیرر رۆڵی لەم سێ بوارەی سەرەوە، دەری دەخات کەکادیر بانی حزب و حزبیش مانای کادیرە. هەر حزبێک کادیری نەبێ بوونی نیەو بەپێچەوانەش راستە بەلام ئەوەی پێویستە لێرە هەلوەستەی بەرامبەر بکەین دەبێ چی بێ ؟ ... ئاشکرایە رۆڵ وهەڵوێستی سەرکردایەتی حزبە دەربارەی کادیر .. دیارە هەر حزبێک گەرەکی بێت بگاتە ئەو ئامانجە سیاسیانەی کەلەبەرنامەدا ئامازەی بۆ کردوە ، دەبێ رۆژبەرۆژ رێژەی کادیرانی بەمانای وشە لە زیاد بوندابێت و نەک هەر بەهیچ شێوەیەک درێغی و کەم تەرخەمی نەکات لەگرنگی دان بەم بەشەی حزب ، بەڵکو دەبێ ئەوراستیەش بزانێ کەهەرسەرکردایەتیەک خافل و بێ ئاگاما لەچۆنیەتی هەڵبژاردنی کادیرو پێشخستن و ئاڵو گور پێ کردن ونەمانی یاسا بنچینەییەکان لە بەکادیر کردنی هەرئەندامێک ، ئەوە ئەو سەرکردایەتیە بان باوەڕی بەو فەلسەفە نەماوە کەبنەمای دارشتنی بیرو بەرنامەکەیەتی ، یان لەهۆش خۆچونێکە کە دەبێ لەکاتی خۆی نێ نەپەڕی وریابێتەوە ، ئەگینا مۆتەکەی پاشەکەز بونەوەی مەرگ میوانی گیانی دەبێ . بۆیە بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە حزب پیادە لەم خاڵە سەرەکیانە بکات :-

١- هەڵبژاردنی کادیر : - کەدەبێ رەچاوی ئەم تێبینیانە بکرێت .

أ - ئاستی هۆشیاری سیاسی و نیشتمانی وچینایەتی باش بێت وشارەزایی لەفەلسەفەی حزب و ئایدۆلۆژیاکەی هەبێت و بەباوەڕی تەواوەوە داکۆکی لێ بکات .

ب - بێ هەڵوێست وهەڵپەرست و ڕارا نەبێت .

ج - لەمەیدانی پراکتیکدا کارامەو چاونەترس بێت .

د - بەرژەوەندی خۆی بخاتە ژێر بەرژەوەندی گەل و حزب.

٢- هیچ هۆیەکی عاتیفی ولابەلای تری غەیرە حزبی رەچاو نەکرێ بۆ کردنەکادیری هیچ کەسێک .

٣- دابەش کردنی کار بەسەرکادیران بەگوێرەی شارەزایی و ئەزمونیان بێت لەیەکێک لە بوارەکانی چالاکی و ئەرکە حزبیەکان .

- پێشخستنی کادیر بەگوێرەی توانا و سەرکەوتنیان لە راپەراندنی ئەرکە حزبیەکان بێت و دابەزاندنیشیان لەو کاتانەبێت کە سەرکەوتن لەکاری پێ سپێردراو وەچنگ ناهێنێت .

٥ - دورخستنەوەی ئەو کادیرانەی لەروی فکری و مەبدەئیەوە تووشی قەلیق بووینە ، لەشوێنە گرنگی حزب وپرکردنەوەی بەکادیری تازە نەفەس و بیروباوەڕ بەهێز .

- پێ نەدانی سیفەتی کادیری بەهیچ کەسێک ، لەژێر ناوی ئەوەی کەماندووەو ماوەی خەباتی زۆرە لە حزب ئەگەر خاسیەتە پێویستیەکانی کادیری تیادا بەدی نەکرا . چونکە لەم حاڵەتانە تەنها باری ئەو هاوڕێیە گرانتر دەکرێ و تێشکانیشی گوناهەکەی لەئەستۆی حزبە لەبەر ئەوەی کادیری ماف نیە ، بگرە ئەرکە . بۆ ئەو کەسانەی زۆر ماندون وتوانای هەڵگرتنی ئەرکی گرانیان نیە ، پێویستیان بەماف هەیە نەک ئەرکی قورسی ئاوا کە هەم خۆی وهەم حزبەکەی تیادا زیان بەخش دەبن .

●

کادیرو بواری کارکردن لە حزبدا

مەلا هەندرێن

دەمێ ساڵە دیاردەی کۆچکردن لەلادێ وە بۆ شارو چۆلکردنی کێڵگەو مەزارو مەڵبەندەکشتوکاڵیەکان لە جیهانی سێیەمدا گرفتێکی ئابوری و کۆمەلایەتی ئاڵۆزی دروست کردووەو سەرباری ئەو هەموو بریارو لێکولینەوە جۆربەجۆرانەی دەربارەیان دەرچوون هێشتا ئەم مەسەلەیە بنەبڕ نەکراوە .

لەکوردستانی عیراقیشدا بێجگە لەوسیفەتە گشتییە تایبەتمەندیەکی مەترسی دارو پڕ گرێ کێشەی جوتیارانی ئاڵۆز تر کردووە . ئەو تایبەتمەندیەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی رژێمە داگیرکەرەکەی کوردستان لە راگواستنو پشتێنی سنوری وکاولکردن و ئەنفالو .. تاد . ئەمڕۆ جوتیارانی کوردستان پێکە چینایەتیەکەی خۆیانیان لە دەست داوە ئەوچینە بەرهەم هێنەرو ئەو پاڵپشتە ئابوریەی جاران نین . زۆربەی زۆریان لە ئۆردوگا زۆرە ملێکان وشارو شارۆچکەکاندا لەشکرێکی بێ شوماریان لەبێکاران پێکهێناوە . ژمارەیەکی کەمیان نەبێت بێ دەرامەتی و نەخوێندەواری رووبەرووی ئایندەیەکی پڕ مەترسیبان دەکاتەوە . لە دوای راپەڕینیشەوە تائەمڕۆ سەرەڕای ئازادی وبەتاڵبونەوەی پیلانەکانی دوژمن چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەم کێشەیە نەدۆزراوەتەوە .

•

رایەك لەمەڕ کێشەی جوتیاران

• ئەمیرە محمدامین •

دۆزینەوەی ڕێگا چارەی زانستی بۆ جوتیارانو زەحمەتکێشانیلادێ نەک هەر ئەرکێکی نیشتمانی گرنگ وەفاداریەکی شۆڕشگێڕانەیە بەرامبەر ئەو چینەی کە هەمیشە سونەمەنی شۆڕش وئامانجی پیلانە گڵاوەکانی داگیرکەران بووە ، بەڵکو پێداویستیەکی گەورەی مێژویشە بۆ ئاسایی کردنەوەی پێکهاتووە کۆمەڵایەتیەکەی کوردستان و بەرەنگار بوونەوەی ئەو نەخشەیەی کەهەرەشە لەئابوری وچارەنووسی بوونی نەتەوایەتیمان دەکات .

هەڵبەتە ئەم کێشەیە لەپلەی یەکەمدا رووبەرووی پەرلەمان دەبێتەوە بەوئیعتبارەی کە باڵاترین دەسەلاتی باوەڕپێ کراوی گەلە بەڵام هەوڵی دڵسۆزان و کۆمەکی شارەزایان و لێکۆڵینەوەی پسپۆڕان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم کێشەیەو دۆزینەوەی ڕێگا چارەی راست ودروست بەرەچاو کردنی تایبەتمەنیەکانی کۆمەڵگای کوردستان یارمەتی دەرێکی لەبەرچاوە بۆ ئەوەی پەرلەمان بتوانێت لەبار ترین چارەسەر بۆ ئەم مەسەلە پڕبایەخە لەزوترین کاتدا دەست نیشان بکات وهەوڵی جیددی و هەنگاوی عەمەلی بۆ بنێت .

دیارە تامەسەلەی ئایندەی کوردستان بە دەولەتی مەرکەزیەوە یەکلایی نەبێتەوەو دەسەلاتی یاسا بەرقەرار نەبێت ، گەڕانەوەی جوتیاران و ئاوەدانکردنەوەی ئەو هەموو گوندە کاولکراوەو وەگەڕخستنی چالاکی کشت و کاڵی لە کوردستاندا کارێکی زەحمەتە بەتایبەت لەبارو دۆخی ئەمڕۆدا ، ئەمڕۆی ئابلۆقەی دوو جەمسەری و پاشا گەردانی ئەو ویرانکاریەی بەسەردێهاتی کوردستاندا هاتووەو ئەو ئاڵ وگۆرە پڕ مەترسیەی کە پێکهاتی کۆمەڵایەتیمان دووچاری بووە ئاکامی پیادەکردنی زنجیرەیەک بەرنامەی دوژمن کاری رژێمی داگیرکەرە لەبوارە جیاوازەکاندا کە هەر لەدوای هەرەسی ١٩٧٥ ـ وە بەئاشکرا کەوتە جێبەجێ کردنیان ولەئەنفالە بەدناوەکاندا گەیاندنیە لوتکە بۆیە ئاسایی کردنەوەی ئەو وەزعە کارێکی ئاسان نیەو بە کەفنەکونێک نایەتەدی . بەڵکو پشوویەکی درێژو وبستێکی پۆلایینی شۆڕشگێڕانەو ئەقلیەتێکی کراوەی دەوێت .

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکان وچارەسەرکردنی کێشەی جوتیاران تەنیا ناوەڕۆکێکی نیشتمانی نیەو پوچەل کردنەوەی پیلانی فاشستەکان نیەو بەس بەڵکو پێویستی یەکی مەزنی مێژووەو کولەکەیەکی گرنگی سەربەخۆیی ئابوریمانە بۆیە یەکێک لەئەرکە بەپەلەکانی پەرلەمان ، بایەخ دانە بەم مەسەلە چارەنوسیە .

ئێمە لەلای خۆمانەوە ـ لەم نوسینەدا ـ چەند خاڵێکی گرنگ دەست نیشان دەکەین بەوهیوایەی پسپۆڕان و دڵسوزانی نەتەوەکەمان لێکۆڵینەوەی تری لە سەر بنوسنو باسەکەی پێ دەولەمەند بکەن ولەهەمان کاتیشدا وەبیر خستنەوەیەک بێت بۆ پەرلەمان وگشت حزب و لایەنێکی دڵسۆزو بەتەنگەوە هاتووی ئەم گەلە ستەم دیدەیە، بۆ ئەوەی لەم برگە ناسکەی ژیانی ئابوری نەتەوەکەماندا بتوانین سەربەرزانە گرەوە مەزنەکەی مێژو ببەینەوەو کۆتایی بهێنین بەپەشێوی وپاشا گەردانیو بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست وئاسودە .

کلیلی ئەم کێشەیە پێش هەموو شتێک لەوەدایە بوێرانە

بۆلە ٦

وەرن باتێك بگەین

ـ ناکام ـ

قەڵاچۆی کوردو تێکدانی کوردستان بەدەست بەعسی فاشیستەوە ، داستانێکە زۆرجار گوتراوەو دوپات کراوەتەوە ، هێشتایش بەبەریەوە هەیە زیانری لەسەر برۆین وپتری لێ بدوێین ، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ مەبەستمانە لێرەدا ببخەینەڕو ، شتێکی دیکەیە .

(کۆڕەوای بەهاری پار ، سەرەڕای هەموو بەینەنی و کارەساتەکانی ، لەسەرێکی دیکەوە ، بۆمان بەخێر گەڕا .. سەرنجی دنیای بۆراکێشاین ، بەلێقەوماوی مانیان زانی، بایەخیان دایێ ولێیان کۆڵینەوە، کارکەیشتە رادەیێک هیچ ئێزگەو تەلەفزیۆنی دنیا نەما رۆژێ چەند جار هەواڵەکانی کوردی زولم لێکراوو کوردستانی کاولکراو نەگێڕێتەوەو پیشانی نەدا .

کورد وەکو نەتەوەیێکی لەتکراوی داپەلۆسراوی لە گشت مافێکی مرۆڤایێتی بێبەشکراو، بەسەرانسەری دنیا ناسێنراو لێقەوماویە قورسەکەی خرایە بەرچاو .

دنیا هەستی مرۆڤایێتی بزوت ، شەپۆلی بەزەیی و لاقاوی یارمەتی ولێشاوی بەڵێنی خۆش وزات وەبەر نان لەراست وچەپەوە سەری کردو خەریک بو دەردی رابوردومان بیربچێتەوەو دەروی خێرمان لێ بکرێتەوە بەڵام .....

ئێمە کە لەگیانەلاوە قیت بوبوینەوە ، گەڕابوینەوە سەر ماڵی وێران ونیشتمانی بێ هیچ کەرەسەی زیان وەک نەدی وبدی و برسی لەدەم گورگ بەربو، بەربوینە هەرچی دەستمان گەیشتێ ، تەڕو وشکو چاک وخراپ و حەلال و حەرامان گوێ نەدایێ ، هەمو شتێکمان برد بۆ دەمەمان و خستمانە گیرفانمانەوە، لەدەرگاو پەنجەرەی نەخۆشخانەوە بگرە تاکورسی وتەختەرەشی قوتابخانەکان ، ئەوەی نەخورا خرایە ژێرپێ وهەرچی نەبرا شکێنراو وردو خاش کرا !

هەمو دەمانزانی ئەمە کارێکی ناشیرین و کردەیێکی دزێوە بەڵام کەس لەهەناسەی سارد زیاتر هیچی لە دەست نەدەهات ، چونکە ئەم رەفتارە نالەبارانە ، نەک بەبەرچاوی هێزی جەکدارەوە دەکرا، بەڵکو لایی ئەوان دەکرایەوە !، ئاو لەسەرچاوەوە لیخن کرابو .

ئەو کابرایەی (ترانسفۆرماتۆر) ی لەدارتەلی کابرا دەکردەوەو لایێکی دانیشتوانی بێ ئاوو کارەبا دەکرد، کە دەگیراو دەدرایە بەرپرس و لێکۆڵینەوە ، دەیگوت : ((بۆچ من لەسەرئەم تاوانە بچوکە سزادەدەن و ناچن پێش ئاودیوکردنی شەفەل وگرێدەرو بلدۆزەرو ترێلەرو مەکینە زەبەللاحەکان بگرن ؟)) جا ئەوانیش ئەگەر ـ دەڵێم ئەگەر ـ پێشیان بگیرابێ ، بەپشت ئەستوریەوە دەیانگوت ((ئێمە گومرگمان داوەو پسولەی بەرەمان پێیە کەس ناتوانێ رێمان لێ بگرێ ... ئێوە ئەگەر ئازان بچن پێشی هەزاران مەکینەی قورسی جۆراوجۆری گرنگی کارگەیی بگرن کەنرخیان لەملیۆنان تێدەپەڕێ و ئەوەتا لەبێخمە بەنوێژی نیوەڕۆو لەژێر چاودێری چەکدارا بە دەستی ئەندازیاری پسپۆڕ ، هەڵدەوەشێ و بار دەکرێو دەبرێ))!! ..

جائێستا خەڵک دەڵێن دەمانەوێ بزانین : ـ

ئەمانە کێ دەیانفرۆشێ ؟ بەکێیان دەفرۆشێ ؟ بە چەندیان دەفرۆشێ وبایی‌یەکەی چی لێدەکرێ ؟

ئەو یارمەتی وخێرو دەسگری وپیاوەتی‌یانەی لە ولاتانی دەرەوەرا بۆمان هاتوە چەندە؟ کێ وەریگرتوە؟ چی لێکردوەو بەچی داوەو چی ماوەتەوەو ئەوەی ماوە لە کوێ داندراوە ؟

خەڵک خەڵکی کوردستان ، ئەوخەڵکەی لە پیسترین و ناخۆشترین و دژوارترین باری ژیاندا ڕەو رۆژ دەکاتەوە، ئاگای لەمانە هەیە ، جاران بەچپە دەیپرسی ، ئەمڕۆ دەنگی هەڵبڕیوە، بەڵام سبەی دەیکاتە هاوارو دەنەرێنێ.

خەڵک دەڵێن ئێمە کەرەواڵەو نیوەشێت نین چاودێرمان بۆ دابنێن وبەرێوەمان بەرن .. دەڵێن هەتیوی ساوانین (باوە پیارە)مان پێویست بێ تالەجیاتی ئێمەو بەناوی ئێمەوە ، چی خۆی بێی خۆش بێ وابکات .. دەڵێن ئێمە پەڕەی سپیمان بۆکەس مۆرنەکردوەو ماف و وبستو رێبازی خۆمانمان نەداوەتە دەست کەسانێک کە نەشزانین خەریکی چین ....

ئەم خەڵکە لێقەوماوە ئابلوقەدراوە سەرلێ شێواوە، تاقە یەک داوای لەخاوەن چەکدارەکان هەیە ـ لێتان تێک نەچێ کەپێشمەرگە لەگەڵ ئەوجۆرە چەکدارانە جیاوازن ـ داوا لە وانە دەکا کەبەناوی ئەوەوە دەبێژن و لەجیاتی ئەو دێن ودەچن وبۆ بەرژەوەندی ئەو وەردەگرن(!) هیچ نەبێ بەلائی کەمەوە ، ئەوپەڕەکەی ، بەیانێک بلاوبکەنەوە تێیدا رون بکرێتەوە کە لەیەکەم رۆژی فرۆشتن و(وەرگرتن) یانەوە چەندیان وەرگرتوە ، چەندیان لێ داوە بەخەڵک ، چی ماوەو ئەوەی ماوە لەکوێیەو کێ لێی بەرپرسیارە.

بۆلە ٦

یەمینی تی لەمێژووی صدام

نووسینی / گێل شیهی
وەرگیرانی لە ئینگلیزیەوە
• عطا •

ـ ١ ـ

پەندی پێشینانی عەرەب دەڵێت : ئەگەر مرۆڤ لە خێزانێکی چاکدا چاوی بەدنیا هەڵهێنا ئەوا خوو نەریتی ناوخێزانەکەی هەڵس وکەوتی ئاراستە دەکات . لە هەمان کاتدا ئەگەر مرۆڤ لەخێزانێکی خراپدا پەروەردە بوو ئەگەرچی پاشتر دکتۆراش وەربگرێت یان ببێتە خاوەن سامان ئەوە گومانی ئەوە ناکرێت کە هەمان خوونەریتی ناپەسند بەرێوەی دەبات . صدام تافی منداڵی لە نێوان هاتووچۆی دو ماڵدا بەسەر بردووە. بەڵام بۆ لێکدانەوەی ئەوەی کام لەو دوومااڵە پەسەند بووە دەبێ هەریەکە لەو دوومااڵە بناسێنرێت . دوو دەسەڵاتە سەرپەرشتی کەرەکانی صدام یەکەمیان (خەیروڵا تلفاح) ی خاڵی و دووەمیشیان باوەپیارەکەی بووە کە بە (حەسەنە فشە) Hassan Lidr ناسراوە .

صدام لەماڵی خەیروڵا تلفاح لەدایک بوو. (صبیحە) بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابوو خۆی بکوژێت و ساواکەی بۆ بەجێ بهێڵێت . (هەڵبەتە بەرلەوەی صدام لەدایک بێت صبیحە کوڕێکی تری لەگەڵ مێردی یەکەمیدا هەردووکیان مردبوون بۆیە وەها بێزار بوو) .

خەیروڵا تلفاح کە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بوو لەتکریت وادەبینرا کەمێ لەدنیا بەئاگابێت . ساڵی (١٩٤١) لەکاتی راپەڕینی‌دژی پاشکۆیەتی فەرمانڕەوایی پاشایەتی بۆ بەریتانیا دەستگیرکراو بۆ ماوەی پێنج ساڵان خرایە بەندیخانەوە . بەم شێوەیە صدام لەتەمەنی چوار ساڵیدا نزیکترین کەسی کەلەبڕی باوکی بوو لەدەستی چوو . ناچاربوو کە لەتەک دایکی و ئەو پیاوە درندەی کەشووی پێ کردبوو بەشێوەیەکی کاتی ژیان بگوزەرێنێ . ئەگەر کەسێک لەچاوی منداڵەکەوە سەیری هەڵوێستەکە بکات دەشێ گرنگی‌یەکی تەواو بەهەستی سەرەتای خەڵەتاندن و بروانەبوون بدات . لەبایۆگرافی (یاداشتنامە) ڕەسمی دا صدام ئەوەی بەیاد دێتەوە کە هەردەم پرسیوویەتی : خاڵم لەکوێیە ؟ بۆچی نایەت بۆ لامان ؟ دایکی هەمیشە وەڵامێکی سەرپێی داوەتەوە : خاڵە خەیروڵا لەزیندانە .

دایکی صدام شووی کردبوو بە ئیبراهیم حەسەن کە زڕپرای مێردەکەی بوو ، شوانێکی نەزان و نەخوێندەوار بو حەسەنە فشە جوتیارێکی هەژار نەبوو کەبەر لێدانی پروپاگەندەی صدام کەوتبێت ، بەدزی کردن هێندێ زەوی ـ بۆخۆی پێکەوە نابوو ، هاوکاری کردنیشی لەتەک (زلێخا کە جولەکەیەکی دەولەمەندی تکریت بوو) یارمەتی دا کە ئامرازی کشتوکاڵ بکڕێت . باوکی نەزیمە کە جولەکەیەکی تکریتی بوو بو تووڕەکردنی زلێخا دەیگوت : چۆن بوویتە هاوکاری ئەو پیاو خراپە ؟ زلێخاش‌بۆ نارەزایی دەربڕین دەیگووت : ئەو پیاو خراپ نیە ، بەڵکو پیاوێکی ئازایە.

ڕق وکینەی صدام بەرامبەر باوەپیارەکەی بێ سنووربوو. حەسەنە فشە صدامی دەنارد بۆ کێڵگەکان لەکاتێکدا تەمەنی چوار ساڵان بوو . هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە بینێرێتە قوتابخانە . دوای ئەوەش دەیناردە دزی کردن، هەتا دزی بۆ بکات . وەکو (ئیفرام کارش‌وئینارى روتسی) لەکتێبە نوێیەکەیاندا بەناوی (یاداشتنامەی سیاسی صدامحسین) دەڵێن باوەپیارە چاوەڕوانی کوڕەی دەکرد هەتا لەشەودا بکەرێتەوە بەم رێگایەو بەریسواکردنی صدامی بێلانە خۆی‌دڵخوش دەکردو بەرلەوەی دانیشێ بۆ نان خواردن بەگۆچان دەیکێشایە باسک و قاچانی صدامدا.. صدام درندانە رادەپەڕی و خۆی دوور دەخستەوە پاشان باوەپیارەکەی صدامو دایکی بەرتف و نەفرەت دەدان و ـ دەیگوت : کوڕی سەگە مەرەخەس بووە ! دایکی صدام

بۆلە ٦

ڕەمزی نافیع و .. شنەبایەکی فینک «لەڕۆژهەڵاتی گرگرتوودا»

بەشی یەکەم

حەسەن جاف

زەوت کردنی سەربەستی بیرورا دەربڕین - بەبڕوای من - لەگشت جۆرەکانی دیکەی چەوساندنەوەی مرۆڤ بەئێشو ئازارترە ، نوسەرو ڕۆشنبیرانیش لە هەموو چینو توێژێکی دیکەی کۆمەڵ زیاتر هەست بەو ئازارە دەکەنو زۆرتریش بەدەستیەوە دەناڵێنن ، لەنێو کۆڕی ڕۆشنبیرانیشدا سەربازانی سەنگەری کوردایەتیو نەتەوە پەروەوری لەهەموو لایێکو کۆمەڵو گروپێک زیاتر دووچاری ئەم سەربەستی زەوت کردنە ببون ، ئەمەشیان بەتەنها بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کەحیزبی بەعسی فاشی حوکمڕانی وڵاتی دەکرد ، چونکە زەوت کردنی سەربەستی بیرورا دەربڕین دەگەڕێتەوە بۆ پەنجاکان ، مەبەستم دوای ١٤ /تەممووزی 1958 کەبەناو عێراقی ڕزگار کردو بۆ ماوەیێکی زۆر کەمیش هەندێ سەربەستی سیاسیوفیکریی پیادە کرد . بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ هۆبیەکی دیکە کەبڕوا ناکەم لەهۆی سەرەکی واتە زەبرو زەنگی ڕژێمە بەک لە دووا یەکەکانی بەغدا تا دەگاتە ڕژێمی بەعسی فاشی ڕەگەز پەرست کەمتر بێت ، ئەو هۆیەش بریتی بوو لە دروست بوونو پەیدا بوونی " مافیا " یێک لەنێوەندی ڕۆشنبیریو ئەدەبیو فیکری کوردیدا کەبەهەل پەرستیو ڕاپۆرت نووسین توانیان لەهەموو دامو دەزگا ڕۆشنبیریە جیاجیاکانی گشت ڕژێمەکانی حوکمڕان لەعێراق پاش 1958 و تا ئەمڕۆ جێ پێی خۆیان بکەنەوەو ڕێگە لەفیکرو ڕۆشنبیری ڕەسەنی کوردی بگرنو نەهێڵن بەهیچ جۆرێک دەنگو سەدایێکی لێوە بێت ، ئەگەر جارو بارێکیش وتارێک تێپەڕێنرابێت ، ئەوا یەکسەر دەکەوتنە چالاکیو چاو بەلێپرسراوان کەوتنو ڕاپۆرت نووسین دژ بەو " کۆنە پەرستو کورد کوژانە " ی دەیانەوێ برایەتیکوردو عەرەب تێک بدەنو خزمەتی زایۆنیزم دەکەنو بەئاواتەوەن جیا ببنەوەو لە " شیمالی حەبیبدا " دا " ئیسرائیلی دووەم " دابمەزرێنن . مافیای ئەدەبی کوردی بریتی بوو لەچەن کەسانێکی کاسەلێسی ڕاپۆرت نووس کە بەربەرەکانی فیکری نەتەوەییان بە " واجب " یێکی " مقدس " و ئومەمی دادەناو دژایەتی کوردو کوردایەتیان دەکردو جەنگسێکی چەپەڵیان دژ بەرپا دەکرد ، کار گەیشتە ئەوەی لەناوی کوردستانیش سڵ بکەنەوەو کاتێ کەکورد پەروەران داوای خوێندنی بەکوردیو " معارف "ی کوردستانیان دەکرد ئەوانە لەپێشی پێشەوەخوێپشاندانە کاندا بوونو دەیانشیراند " نامانەوێ مەعاریفی قلیاسان " . سەیرەکە لەوەدایەکەلەگەڵ ڕژێمە جۆڕ بەجۆرەکانی عێراقدا هاوکاریان دەکرد - تائەمڕۆش - یەکسەر " تنظیرات " ی مارکسیانەیان بۆ ئەو دەست خستنە ناو دەستە دەدۆزیەوەو خەڵکیان پێ دەمکوت دەکرد .

ئەم " مافیا " یە هەمیشە دەست لەسەر مستوی خەنجەرو پەنجە لەسەر پەلەپیتکەی دەمانچەو قەڵەم ئامادەبوونو چاوەڕێی وتارێک ، کۆڕێک، چیرۆکێک ، یا شیعرێک بوون تاکو داخی دڵی خۆیانی پێ بڕێژنو زەهری دەروونی گلاویانی بەسەردا بپاژێننو هەموو لاپەڕەکانی ڕۆژنامە کوردیو عەرەبیەکانو ئیزگەو تەلەفزیۆنیان بۆ والاو دەرگا لەسەر پشت بوو ، تەنانەت ڕێکخراوە ئەدەبیو ڕۆشنبیرەکانیش وەک کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردیو یەکێتی نووسەرانی کوردو کۆڤارەکانیشیان .

کەحکومەتی بەغداش بریاری ئەوەی دا کەسێتیو سەربەستی قانونیو مەعنەوی بەکێتی نووسەرانی کورد نەمێنێو ببێتە لقێک لە " یەکێتی نووسەرو ئەدیبانی عێراق " ، ئەوانە لەڕێزی هەرە پێشەوەی جارەدەرانی ئەو یەکیەتیە بوون و ئیستمارەکانیان بەخواپشت یان بەهەرەشە بەسەر ئەدیباندا دابەش دەکرد ، بەڵام کە زانیان لە هەڵبژاردندا دەرناچن " لەبەر هەر هۆیێک بێت " و دەرگای دەروازەیێکی ژەهر بڵاوکردنەوەیان لێ دادەخرێ " بۆ چاوبەستەکێش بێت " کە گۆڤاری یەکیەتیە ، کەوتنە " معارضە " کردنێکی ساختانەی ئەو یەکیەتیەی خۆیان جار دەری بوونو پروپاگەندەیان بۆ دەکرد بێ ئەوەی یەک تۆز لە دەورو گرنگیان کەم بووبێتەوەو هەمیشە لە ڕێزی پێشەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی میریدا بوون ، وەک ڕاوێژکارو نووسەرو لە هەموو کۆڕو کۆبونەوەیەکیشدا شۆڕە سواری مەیدان و میکروفون بەدەم بوون جگە لە وەرگێڕانی نامیلکەو کتێبی هەمە بابەت .

مەبەستم لەم پێشەکیە ئەوەیە کە بڵێم کاتی خۆی مامۆستا مەسعوود محەمەد وتارێکی لەسەر ڕەمزی نافیع بڵاوکردەوە[1] ، یەکێکی لێهاتە جواب ووتارێکی پڕ لە کینەی نووسی[2] وپاش ئەویش چەند وتارێکی دیکەش هاتنە مەیدان . من گەلێکم حەز لێبوو وەلامی ئەو وتارە بدەمەوە و بەرگری لەو ڕاستیە مێژوویە بکەم کە لە وتارەکەی مامۆستا مەسعوود محەمەد دا باسی لێوە کرابوو ، بەڵام لە کەسی ناشارمەوە کە لەدڵەوە لەو مافیایە دەترسام ، چونکە ساڵی 1987 کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەم بۆ شاعیر محەمەد ئەمین پێنجوینی لە زانکۆی سەلاحەددین گێڕا " ئەوسا موحازیر بووم لە کۆلیجی ئەدەبیات " یەکێک گوتبووی " حەمەمین گەیشتە ئەوەی کاژێکی کۆڕی بۆ بکێڕێ " کە مەبەستی من بوو ، هەموو کەسیش دەزانێ " کاژێکی " لەو سەردەمەدا چی لەدوابوو . سەرەڕای ئەوەش هەر بڕیارمدا وتارەکەم بنووسمو بڵاویشیبکەمەوە ، ئەوەبوو ناردم بۆ کاروان بەڵام ئەوان بریاریاندا کە چیتر شت لەوبارەیەوە بڵاونەکەنەوە.

ئێستاش کەبرای ئەدیب کاکە بەدران کتێبی " لەڕۆژهەڵاتی گرگرتوودا " ی کردە کوردیو خوێندمەوە بەباشم زانی ئەو وتارەی خۆم زیندووبکەمەوە هەر چەندە دەبێ ئەوەش بڵێم کە کتێبەکە خۆی باشترین وەلامە بۆ هەموو ئەوانەی جەنگی مەغلووبەیان دژ بەمامۆستا مەسعوود گێڕا . کتێبەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتوە یەکەمیان : بریتیە لە باسکردنی کردەی (مامۆت) کە ڕەمزی هەوڵی داگیرکردنی چاڵە نەوتەکانی کوردستان بوو لە ڕێی بەرپاکردنی ئاژاوەیێک یان بزووتنەوەیێک لەلایەن خێڵە کوردیەکانەوە دژ بە ئینگلیزی داگیرکەر بۆ ئەوەی ئەڵمانیا مەهانەی بۆ ببێ سوپای خۆی بنێڕێ بۆ کوردستانو دەست بەسەر چاڵە نەوتەکاندا بگرێ تاکو پێویستیی سووتەمەنی بۆ سوپاکەی دابینبکات ، پاشانیش لە پاداشی ئەوەدا دەوڵەتێک بۆ کورد دابمەزرێنن .

بەشی دووەمی کتێبەکەش بریتیە لەو ڕووداوانەی پاش گرتنی مبوولەر و هاوەڵەکانی ڕوویاندەداوەو حاڵوباری خۆی لە زیندانەکانی عیراقو میسردا تا دەگاتە ئەوەی ئازاد دەکرێو دەگەڕێتەوە وڵاتی خۆی . لەراستیدا وەرگێڕانی ئەم کتێبە زۆر گرنگو پێویست بوو لەبەر چەن هۆیێک .

یەکەم : لەبەر ئەوەی زۆر شتی بە نرخو پڕ بایەخی تێدابوو دەربارەی ڕەمزی نافیعو دەوری ئەڵمان لە مەسەلەی کورددا .

دووەم : خۆی لەخۆیدا وەلام دانەوەیە بۆ هەموو ئەو قەڵەمە لەرزۆکو کۆسمۆپۆلیتانەی دژی ڕەمزی و دەوری ڕەمزیان نووسی ، بڕواش ناکەم هیچیان شتێکیان لە بارەی ڕاستیی ئەو ڕووداوەوە زانیبێ پێش وەرگێڕانی کتێبەکە ، چونکە دڵنیام هیچیان نە ئەڵمانیو نە ئینگلیزیش نازانن ، کەواتە تەنها ڕقو کینەی دەروونیانە دژ بە هەموو کورد پەروەرێک کە پاڵی پێوە نان هەوڵ بدەن ڕەمزی نافیع بەدناو بکەنو خەباتی پیرۆزی ڕەمزی بشێوێنن و لەکەک داربکەن .

سێیەم : دەرفەتێکی بۆ منیش ڕەخسانڕ کە لایەنێک لەو دەورەی ئەڵمانەکان دەیانویست لە کوردستاندا بیگێڕن ، ڕوون بکەمەوەو لاپەڕەیێکی شاراوەش لە خەباتی ڕۆڵەی بەوەفاو نەمری کورد " بەکر سدقی " یش ڕوونبکەمەوە کە ئەویش زۆر هێڕشی نارەوای کرایە سەر .

بابێنەوە سەر ئەسڵی مەبەست ، کردەی " مامۆت " وەک زانیمان بریتی بوو لە هەوڵی داگیرکردنی چاڵە نەوتەکانی کوردستانو مەیسەرکردنی سووتەمەنی بۆ سوپای ئەڵمان کە ئەوسا پێویستیەکی زۆری پێی هەبوو ، ئەمەش بەوە دێتەدی کە شۆڕشێک لە کوردستاندا دژ بە ئینگلیز بەرپابکرێ تاکو سوپای ئەڵمان بتوانێ بێتە کوردستانو ئەو چاڵە نەوتانە بگرێو شتێکیش بۆ کورد بکات ، ئەمەش شتێکی تازەنیە چونکە بیرکردنەوەی ئەڵمان لە دۆزینەوەی جێ پێیەک لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ ماوەییکی زۆری پێش هاتنە سەرحوکمی حیزبی (نازی) . لەسەردەمی دەولەتی عوسمانیدا ئەلمانیا بیری لەوە دەکردەوە کەلە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نزیک

بۆلە ٦

کۆمەڵەی پزیشکانی کوردستان و چاوپێکەوتنێک ..

وەکو دەزانین ڕۆژی ٢ـ ١٩٢٢/٣/٢٧ لە شاری سلێمانی لەبۆتەی خەبات وئازادی ودیموکراسیدا کۆمەڵەی پزیشکانی کوردستان " یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەستو دەستی بەکار کرد لەپێناوی خزمەت کردنی مرۆڤایەتی وگەشەدان بەوەزعی تەندروستی و پاراستنی ژیانی خەڵکی کوردستان ، بۆیە ڕۆژنامەکەمان ئاڵای ئازادی " ئەم هەلەی بەدەرفەت زانی ورووی پرسیاری ئاراستەی ئەم بەڕێزانە کرد ...

* بەڕێز کاک دکتۆر سەربەست تۆ وەکو چێگری سەرۆکی کۆمەڵە ، فکرو هۆی دروست بوونی کۆمەڵە چۆن لێک دەدەیتەوە ؟

- کۆمەڵەمان لەبارودۆخی ئێستای کوردستان ، وەکو ڕێکخراوێکی پزیشکی ومرۆڤایەتی وزانستی سەربەخۆ سەری هەڵدا ، بۆ چارەسەرکردنی باری شڵۆقی تەندروستی و دەرکەوتنی ئەو دیاردە ناهەموارانەی لەبواری تەندروستی دەرکەوتن . بەمەبەستی چارەسەرکردن و خستنەڕوی ئەم بارە ناهەمواڕە چەند دکتۆرێکی دەدان ودەرمان سازیو دکتۆری تر دڵسوزانە بازووی خزمەتیان هەڵکرد .

* ئەرێ بەرنامەتان چییەو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان تەنسیق لەگەڵ کێ دەکەن ؟

- دکتۆر شوان قادر محمد لێپرسراوی لقی هەولێر لەوەڵامدا وتی : ئێمە تەنسیق لەگەڵ بەرەی کوردستانی شورشگێڕو دەزگای تەندروستی دەکەین ، بەرنامەشمان بریتیە لە خستنەڕووی دیاردە چەوتەکانی خزمەت گوزاری تەندروستی وپیلانەکانی چارەسەرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی بەهۆی کۆڕوکردنەوەی خول ودابەش کردنی بڵاوکراوەی زانستی ودەرکردنی گۆڤاری پزیشکی بەزمانی کوردی .

* مەسەلەیەکی گرنگ ڕۆژانە خۆی دەخاتە سەرزارو وەلامیشی بە تەواوی نەدراوەتەوە ئەویش مەسەلەی ئەو دکتورانەیە کەدەوام ناکەن وبەناوی سەربازی ڕژێم پارە وەردەگرن وئەوانەی دەوام دەکەن وپارە وەرناگرن ؟

- دکتۆر سەربەست وتی : تیکەڵ بوونێک لەم مەسەلەیەدا هەیە ، ئەویش بەندە بەبڕیاری سیاسی پەرلەمانی کوردستان وئێمەش نیازمان وایە بەمەبەستی چارەسەر کردنی ، ئەم مەسەلەیە بخەینە بەردەمی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان .

* خۆتان دەزانن نەخۆش بێ ئەژمارەو نەخۆشیش گەلێک زۆربووە ، زۆر دکتوریش نرخی پشکنینی لەم وەزعی بێکاری وگرانی گران کردووە ئێوە ڕاتان چییە ؟

- دکتۆر شوان لەوەڵامدا وتی : بەڕاستی ئەگەر حیسابی نرخی پشکنین بکەین (١٠) دینار زۆر کەمە، بەڵام کۆمەڵەکەمان لەم وەزعەدا زیادکردنی نرخی پشکنینی وەکو هەڵوێستێک بەراست نازانی .. هەرلەسەرەتا بەیانێکمان لەمەز ئەو مەسەلەیە دەرکرد، بەڵام هەر دکتۆرێکیش بیکا بە (١٠)دینار هەقی خۆیەتی .

* ئەی پەیوەندیتان لەگەڵ کۆمەڵەی کارمەندانی کوردستان چونە ؟

- بەریز د. ئاسۆ ئیسماعیل ئەندامی لقی هەولیر وتی: ئێمە لەگەڵ کۆمەڵەی کارمەندانی کوردستان پەیوەندیمان زۆر باشەو تەنسیقێکی زۆرچاکمان هەیە، هەریەکەش تایبەتمەندی خۆی لەکارکردندا هەیە .

* ئەی مەسەلەی ئەو دەرمان فرۆشانەی شیخاللە چۆن چارەسەر دەکەن ، کەڕەنگە دەرمانی خراپیشی تێدا بفرۆشرێ ؟

- کاک د. ئاسۆ فەرمووی : دیاردەیەکی زۆر ناشرین و زیان بەخشە ، زۆر دەرمانی ترسناکی تێدا دەفرۆشرێت کە دەبێتە هۆی ئەوەی گەنجەکان لەسەری ڕابێن و بەخراپی بەکاری بهێنن .. بەرای ئێمە ئەم مەسەلەیە بەندە بە نەبوونی دەولەتی قانون .هیواداریین ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەم مەسەلەیە دیراسە بکات

* لەکۆتاییدا ڕوی پرسیارمان ئاراستەی د. سربست کردو پرسیاری ئەوەمان لێکردن کە بەرنامەیان بۆ بەردەم پەرلەمان چییە ؟

- پەرلەمانی کوردستان شتێکی چاکە ، زۆر دڵخۆشکەرە. هەمو هیوایەکمان بەوەوە بەند کردووە .. بەرنامەیەکی کاری دوورو درێژمان ئامادەکردووە تا بیخەینە بەردەستی لیژنەی تەندروستی پەرلەمان ومناقەشەیان لەگەڵدا بکەین ... هەموو کەموکوریەکانی ئیمرۆی کوردستانمان دەستنیشان کردووە ، هیوادارین پەرلەمان دەست ڕۆیمان لەگەڵدا بکات .

* دوا وتەتان بۆئاڵای ئازادی چییە ؟

- زۆر سوپاسی کارمەندانی ڕۆژنامەکەتان دەکەینو سوپاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیش دەکەین کەزۆر بە پەرۆشەوە یارمەتی کردنەوەی بارەگاکەی دابن .. هیوادارین نمونەیان لەخەباتدا زوربێت ....

مامۆستا جەلالی میرزا کەریم یەکێکە لەو پێنج ئەدیبەی کەلەتەنجامی هەستکردن بەبەستەڵەکی و خامۆشی لەبواری ئەدەبی کوردیدا، ساڵی حەفتا بەیانی (ڕوانگە) یان دەرکردو بەردەبێکیان هاویشتە نێو کۆمە بەستووەکە بۆ شکاندن و شڵەقاندنی .

کاک جەلال ساڵی ١٩٣٧ لەسلێمانی لەدایک بووەو لە نیوەراستی شەستەکانەوە دەستی داوەتە شیعر نووسین و لەدوای بەیانی یازدەی ئادارینشەوە تاساڵی حەفتا و چوار لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کاری کردووەو ڕۆلێکی دیارو لە چاوی هەبووە . پاش هەرەسەکەی (٧٥) چۆنە هێندەران و لە ئەمەریکا کبرساوەتەوە لەم دواییەدا گەڕایەوە بارەشی کوردستانی سەرفراز ، نووسینگەی ئالای ئازادی بۆ ڕێز لێنانی مامۆستای شاعیرو گەیاندنی ڕاوبۆچوونەکانیی بەخوێنەری ئازیزی کورد بەپێخۆشحاڵیەوە ئەم چاوپێکەوتنەی لەتەکدا ئازدا .

ئامادەکردنی : محەمد فەریق حەسەن ـ عطا نایف

جەلالی میرزا کەریم

بۆ ، ئالای ئازادی ، دەدوێ

پ/ لەدوای ڕوانگەوە چەند دەنگێک چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرا کەبینە دەنگی بەرزو سەدادار بەتایبەت لەشیعردا.. بەڵام لەباری یەکەمدا زوێک لەودەنگانە هەر لێرەدا کپ بوونەوە، دوای کۆچی هیندێ تریشیان بۆ ئەوروپا.. ئەوروپا بۆیان بووە قەسابخانە، یان باشتر بڵێین ئەوروپا بووە قەسابخانەی شیعری کوردی ، لە دیدو بۆچونی منەوە تاکو ئێستا شیرکۆو ڕەفیق لە دەمی کێردەکانی قەسابخانە (شارستانیتی) ئەوروپا ڕزگاریان بوو ..

ئایا جەنابتان ئەمە چۆن دەبینن ؟

و/ ڕەنگە ئەمە حوکمێکی ئاسان نەبێت .. حەزدەکەم ڕایەکان ڕای ڕەها (مطلق) نەبن و بڵێین هەموو ئەوانەی وولاتیان بەجێ هێشت لێچوونەوە . نەخێر بە حوکمدانەکەمان ببەستینە باری ژیانی ئاوارەی و خودی کەسەکان خۆیشیانەوە .

بەگوێرەی خۆم لەگەڵ چونەدەرەوەدا لەگەڵ مەسەلەفیکری و سیاسیەکەی کورددا بووم و ئەمەش لەشیعرەکانمدا ڕەنگی داوەتەوە، پێشتر لەگەڵ ڕوانگەدا بووم ، هەربەم هەستو نەستەوە چوومە دەرەوە . لەدەرەوەش هەردەم ئاواتەخوازی ئەوەبووم کەبکەریمەوە نێو بزوتنەوەی ڕزگاری خوازانەی میللەتەکەم بەڵام بۆم نەڕەخسا. دیارو ئاشکرایە زۆربەی ئەوانەی چوونەتە دەرەوە بۆکاری سیاسی و بەردەوام بوون لەوبوارەدا چونەتە دەرەوە بو ئەوروپاو ڕوژئاوا واتە بۆ دنیایەکی نوێ ، لەوولاتێکی وەکو ئێمەوە بچینە ئەوروپای شارستانی و تەکنەلوژیا بێ گومان ئەو دنیا نوێیە کاریگەری خۆی دەبێت ئیتر بەئیجابی بێت یان سلبی، ئەوەش بەندە بەهەرکەسێک خۆیەوە، زۆر کەس هەن بە کاریگەری ئیشکردنی سیاسی چوونە دەرەوە ـ بۆ نموونە ئێمە لەساڵی (٩٧٦) نزیکەی هەزار کەس کەوتینە ئەمریکا و ئەوروپا هەر پێنج شەش کەس لەم ژمارەیە لە کاری سیاسیو ئەدەبیشدا جیدی بوون .. دیارە ئەمانەش باری ژیانیان باشتر بووە، ئەگەر کەسێک هەرسەرقاڵی مەسەلەی ژیان بێت بەزەحمەت دەیپەرژێتە سەر مەسەلەکانی تر. لەوژمارەیەی باسمکرد کەس هەڵی ئەوەی بۆ ڕێ نەکەوت بە (لاجیء) وەربگیرێت یان بخوێنێت ، ئەمە بە گوێرەی ئەمەریکا، بەڵام لەئەوروپا زەمینەیەک هەبوو بۆ چوونە ناو بزوتنەوەی ئەدەبیو سیاسیشەوە. لەبەر ئەوە لە ئەوروپا ئەگەر یەکێک چووبێتەوە بواری ئیشکردن یان گەڕابێتەوە بۆ کارکردنی لەبواری ئارەزووەکانی خۆیدا ئەوا سەرباری خودی تایبەتی ئەوکەسانە خۆیان باروزروف لای ئەوان لە ئەمەریکا باشتربووە، هەندێک لەوانەی کە لەئەمەریکا بون ئەگەر لەئەوروپا بوونایە بەرهەمدارتر دەبوون ، ئەوانەی ئەوروپاش ئەگەر لەشاخ بوونایەلەئەوروپا بەرهەمیان زیاتر دەبوو. من بۆ خودی خۆم وادەزانم دەبوا هەر لە کوردستان بوومایەو بەشداری ئێش وژان و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلەکەمم لەنزیکەوە بکردایە ئەگەرچی لە دەرەوەش هەر دابڕاو نەبووم .

پ/ سیاسەت و ئەدەب لێک جودا نابنەوە، بەم پێیە ئەدەبی کوردیش مەحکومە بەوەی لەپانتایی سیاسەتدا بسوڕێتەوە ، یان ئەو پانتاییەی ئەدیبی کورد ئیشی تێدا دەکات پانتاییەکی سیاسی بێت ، لیرەشەوە ئەدیب ڕووبەڕووی گرفتێک دەبێتەوە ، گرفتی نەتوانینی گۆڕینی سیاسەت بەئەدەب ، بەهونەر ، واتا نەتوانینی دروستکردنی پرسیاری ئەدەبی لەپانتاییە سیاسیەکەدا ، ئەمەش وای کردووە کەدەقەکانی ئەدەبی کوردی ببنە دروشمی ڕەونەقدارو دەقی تاسەر ئێسقان مردوو.. ئەمە بەلای جەنابتەوە چونە ؟

و/ ئەمە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەدیبەکە خۆی . ئێمە دەبێ بەجۆرێکی تر بپرسین ئایا دەبێ ئەدیب ئینتمای حیزبی هەبێت یان تەنها خاوەن ئینتمای فیکری بێت ؟ بەلای منەوە ئەرکی ئەدیب جگە لەگرنگی دان بە ڕووی هونەری و بەرەوپێشەوە بردنی دەبێت گرنگی بە لایەنە سیاسیەکەش بدات . بەواتا دەبێت ڕووی هونەری و سیاسەت لەئەدەبەکەیدا هاوجووت بن ، بەڵام دەتوانم کاری ئەدیبێک و سیاسیەکی ناو ڕێکخستنی حیزبایەتی جیا بکەمەوە. کاری سیاسیەک جیاوازە لەکاری ئەدیبێکی منتمی بۆ فیکرەیەکی دیاری کراو، بەڵێ دەبێ ئەدیب فیکری پێشکەوتن خوازانەی هەبێت نەک هەڵگری فیکری حیزبێکی دیاری کراو بێت .

هۆی ئەمەش ئەوەبە کە ئەدیبێک ناتوانێت لە سیاسەت ئەدەب دروست بکات چونکە ئەدیبەکە خۆی دووچاری ئینتمای سیاسی کردووە، بەڵام ئەگەر توانی خۆی لەو ئینتما سیاسیە ڕزگاربکات ، ئەدەبەکەشی دەبێتە ئەدەبی هەموو نەتەوە، ئەدیب ئەگەر لەحزبێکدا بێت ئەدەبەکەشی پێ دەچێت ببێتە دەنگی ئەو حیزبە .

بەڵام ئەرکی ئەدەب وئەدیبی دەبێت زۆر لە سیاسەتو لەسیاسیەکان گەورەتر بێت ، خو ئەگەر ئەدیب ئینتمای حیزبیشی هەبوو ڕەنگە ئەگەر لە ئەڵقەکانی خوارەوەی ، حزبدا بێت زۆر مەترسیدار نەبێت ، بەڵام ئەگەر نزیک بو لەسەرکردایەتیەوە ئەوە ترسناکترە چونکە ئەدەبەکەی دەستە دەنگی بەڕێوەبردنی حیزبەکەی ، بۆ نموونە ماوێک لەمەوبەر کانی سکرتیری حیزبی شیوعی چینی بوو شعریی دەنووسی بەڵام سەرجەم شیعرەکانی لە سنوری بەیان وبەرنامەی حیزبەکەیدابوو ئەمەش بەگوێرەی ئەدەب ترسناکە .

من لەبرادەرەکانی خۆم (ئەنوەر شاکەلی) لە سویدەوە نامەیەکی بۆ ناردم بۆ ئەمەریکا تیایا دەڵێت " واز لە سیاسەت بهێنە چونکە سیاسەت ئەدەبەکەتی کوشتووە زۆر چونە ناو سیاسەتەوە لەبەرهەمی ئەدیب کەم دەکاتەوە.

پ/ وەکو شاعیر نزیکەی (٢٥) ساڵێک دەبێت خەریکن بەپێی ئەو ماوەیە خاوەنی بەرهەمێکی کەمن ، ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریشەوە تاکو ئێستا لە شیوەی دیوانێکدا هیچتان نەبینراوە .. دەبێ هۆی ئەمە چی بێت؟

و/ پێش چوونە دەرەوە بەرهەمەکانم لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بلاو دەبۆونەوە، دوایش ویستم بە ناوی (کاروانی ووشەی ڕاچەنین) چاپیان بکەم ، کۆمکردنەوەو محمدی مەلاکەریم پێشەکی بۆ نووسین ، بەڵام لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٤) دامە سانسۆر پەسەند نەکرا، پاشان بەریگای

بۆی ٦

دیوانت بووم..

مەریوان فتحی کریم
١٩٩٢ / ٤ /٢٨

(بەبۆنەی دووەمین ساڵوڕۆژی ئاوەدانکردنەوەی شاری دوجار شەهیدم ، بەقەڵادزێ پێشکەشە)

میوانت بووم ،
کە تۆش میوانی دڵم بووی !
شەوبوو ئەگەر ..
لە کاتێکا هاتیتو چووی ! .

* *

میوانت بووم ،
میوانێکی شەرمنو چڵکنو برسی !
مەگەر من چیم ؟ !
تۆ ... هێندەمان لێ دەترسی ؟ ! .

* *

میوانت بووم ،
میوانت بووم بەیانی ،
ژوانگەیان کردە دۆزەخ !
کردیانە باخێکی سوتاو ،
تۆش پێت وتن : ـ
" ئەی ئەوانەی سەبەتەتان
پڕە لەخەو ،
سێوم پێیە ،
سێوی ڕومەت ئاڵی هەتاو " **

* *

شاریشمان جێهێشتو کەچی ،
ئەو لە دڵمانا مایەوە !
کڵۆی شەکری ناوەکەیمان
لەدەمایەو ..
نەبەکرۆشتن ،
نەبەقوتدان ،
نەتوایەوەو .. نەتوایەوە !!
شیرینەکەم .. میوانت بووم

* *

میوانت بووم ،
میوانت بووم لە تاسەی دیدارێکتا ،
هەڵپڕوکام ..
چاوێکی سەرتاپا چاوبووم ،
هەر لێت گەڕامو نەنوقام ،
میوانت بووم ...

* *

میوانت بووم ،
ئەتۆش میوانی هەمیشەی دڵی منیت
کێ دەڵێ گەر منێک نەبێ ،
تۆش بەردی بن گۆمی وون نیت ؟ ! .

* *

دەبا بڕۆین ..
دەبا ئەم ڕێیە پر گوڵی ،
ئاڵی ماچ بێ ....
با ئەم ڕێگایە پر ئەڵقەی ،
لێک پساوی .....
دەستو قاچ بێ ؟ !! ***

* *

* ئەم شیعرە چەند کۆپلەیەکی شیعرێکی درێژە .
* * چەند ڕۆژەک دوای تەرحیل کردنی قەڵادزێ نوسراوە .
* * * کۆپلە شیعرێکی شاعیری ئێرانی پێشکەوتوخواز " سوهرابی سپەهری "یە .

یەکگرتن

کەکازێووە
ڕووخساری شەوی هەڵبڕی
بەناچاری بۆ لەتێ نان
هێزوبازوم هەراج دەکەم
کەشەویش هات تابەیانی
لەناوهەگبەی گەردەلوولی بێزاریدا
دەست لەملی ئازار دەکەم

* * *

ئەی خەونی خۆش
جیهانی تۆش ، هیچ بەخشندەی
بۆ هەژاران تیانەماوە
جیهانی تۆش ، بۆتە ئەسرین
لەسەر پێڵوی خەمەکانم هەڵگورماوە
جیهانی تۆش ، لەبەرامبەر ڕازەکانم
بۆتە مۆمێکی کوژ اوە

* * *

کەیئەمەیە یاسای ژیان
دێوانەکان ، شەمی خۆیان لەبیر بچێ
ببن بەدیلی لەتێ نان
کەی ئەمەیە یاسای ژیان
گشت دەروازەی ئاسۆی نوێ
داخراوبێ ، بەرووی گیانی زەحمەتکێشان

* * *

ئەی هەژاران
کەسێک نییە، هاوڕێ ودۆست ودلسۆزمان بێ
کەسێک نییە ، لەنێو کورەی ئازاروژانمان بسووتێ
کەسێک نییە، لەژانی بێ ئامانی سکی بەتاڵمان بپرسێ
ئەی هەژاران
چاوەڕوانی هەتوان مەکەن
نەلەزەوی و نەلەئاسمان
بەڵام دڵنیابن ئەی هاوڕێیان
هەموو شتێ مل کەج دەبێ
لەئاست هێزی یەکگرتنمان

شەماڵ

ببێتەوەو شوێنێک بۆ خۆی داگیربکا لەم ناوچە گرنگو ستراتیجیە دا وهەرەشەش لەدەسەڵاتی ئینگلیز بکات لە هیندستاندا . ئەوەبوو بیری لەدروستکردنی سکەی شەمەندەفەری بەرلین ئیستانبووڵ کردەوەو لە ساڵی ١٨٩٦ دا ئەو بەشەی کەبە ئەنادوڵدا تێدەپەری کۆتایی هات ، پاشان ویستیان پرۆژەکە تەواو بکەنو بەرلین بەبەغداوە ببەستنەوە ، بۆ ئەم مەبەستەش کومپانیایێکیان پێکهێنا ، بەڵام فرەنسا و رووسیاو ئینگەلتەرە نارەزایی خۆیان دەربارەی ئەم پرۆژەیە لای حکوومەتی تورکیا دەربریو بووە هۆی راگرتنی کارکردن لە پرۆژەکەدا تا ساڵی ١٩١١ کە دووبارە دەستیپێکرایەوە ولە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە مووسڵەوە تاکو سامەرایان تەواوکرد . دووا ئەڵقەی ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ١٩٤٠ کۆتایی هات وسکەی شەمەندەفەر لە ئیستانبوڵەوە تا بەسرەو بەهۆی چەن سکەیێکی دیکەی لاوەکیش دەگەیشتە باکوری ئێرانو روسیاو سوریاو فەڵەستین .

هەوڵێکی دیکەی ئەڵمانەکان بۆ خۆنزیک خستنەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستو کوردەکان ئەو پرۆژەیە بوو کە " گروبا " ی قونسولی ئەڵمانیا لە بەغدا لە ساڵی سیەکاندا ولە یادداشتەکانیدا " رجال ومراکز قوی فی الشرق "(٣) باسی لێوە دەکات کە خۆیو بەکر سدقی سوپا سالاری ئەو سەردەمەی عیراق لەسەری رێکەکەوتبوون وگروبا لەگەڵ بەکر سدقی چووبوونە سەرگردەکانی حەمرین بۆ ئەوەی شوێنەکە ببینرو بزانن تا چ رادەیەک بەکەڵکی دروستکردنی هێڵێکی بەرگری پتەوی ئەوتۆ دێت کە بتوانێ پارێزگاری لەو دەوڵەتە کوردیە بکات کە بەکر سدقی بەهاوکاری ئەڵمانەکان دەیویست لە کوردستاندا دروستی بکات . رەنگە هەوڵی دیکەش هەبوبێ وهێشتا ئاشکرا نەبووبێو چاوەڕێی خامە رەنگینێکی وەک کاکە بەدران بکات تۆزو گەردی لەسەر بتەکێنێ . کەواتە کردەی " مامۆت " یەکەم هەوڵی ئەڵمان نەبووە ورەنگە دووهەوڵیش نەبێت ، هەر چەندە ئەم پرۆژەیەی میولەر باسی لێوە دەکات بەمردوویش لە دایک بووبێت ، چونکە وەک لە کتێبەکەدا دەردەکەوێ هەر لەسەرەتاوە موخابەراتی دەوڵەتیکی دوژمن بەئەڵمان هەوڵی داوە کردەوەکە سەرنەگرێ ، هەر چەندە تا ئێستاش‌لای میوولەر روون نەبۆتەوە چۆن نهێنی ئەو کردەوەیە ئاشکرا بوو ووایان لێکرد لە شوێنێکی دیکە بخرێنە خوارەوە و سوپای ئینگلیزیش چاوەڕیان بکاتو پاشانیش هەر هەموویان بگیرێن و کردەوەکە سەر نەگرێت . لای خۆشمان دەربارەی مەسەلەی رەمزی نافیعو کردەوەی " ماموت " ئەم وتارانە بڵاوکراوانەوە

١ ـ سەرەتا وتارەکەی مامۆستا مەسعوود محەمەد " رەمزی نافیع قوربانیە زلەکەی هەولێر " لە گۆڤاری کاروان ژمارە ٣٣ حوزەیرانی ١٩٨٥ ساڵی سێیەم لە لاپەرە " ٥ تا لاپەرە ١١ " .

٢ ـ مەحەمەد مەلا کەریم لە رۆژنامەی هاوکاریی ژمارە (٨٠٥) رۆژی ١٢ ـ ٩ ـ ١٩٨٥ وتارێکی دژ بە وتارەکەی مامۆستا مەسعوود بڵاوکرادەوە لە ژێر ناونیشانی " نیازی پاک ئەبی رێگای راست بگرێ " .

٣ ـ دووا بەدوای ئەمە لە هاوکاریی ژمارە (٨١٥) ی رۆژی ٢١ / ١١ / ١٩٨٥ دا محەمەد تەیموور وتارێکی لە ژێر ناونیشانی " راستی رێگای نیازی پاک " بڵاوکردەوەو تیایدا بەرگری لەبیروبۆچوونەکانی محەمەدی مەلا کەریم دەکرد .

ـ دووای ئەمانە لە گۆڤاری کاروانی ژمارە (٣٨) ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥ ساڵی چوارەم دوو وتار بڵاوکرایەوە یەکێکیان دوکتور عبدالرحمان عبدالله نووسیبووی لە ژێر ناونیشانی " هەندێ زانیاریی تر دەربارەی رەمزی نافیع " و لەلاپەرە ٢ تا لاپەرە ٤ ی ئەو گۆڤارەی گرتبووەوە .

دووەمیشیان وتاریکی خوالێخۆشبوو مامۆستا عزالدین فیضی بوو کە لە ژێر ناونیشانی " رەمزی نافیعو بۆ چوونەکانی کاک مەسعوود محەمەد وکاک محەمەدی مەلا کەریم " دا بڵاوکرایەوەو لەلاپەرە (٤ تا لاپەرە ٧) ی گۆڤارەکەی گرتبووەوە .

٥ ـ دووبارە کاکە حەمە هاتەوە مەیدانو لە کاروانی ژمارە (٤٢) ی ئازاری ١٩٨٦ ساڵی چارەمدا وتارێکی لە لاپەرە (٦٩ تا ٧٤) دا بڵاوکردەوە لە ژێر ناونیشانی " نیسانەوەو هەمیشە نیازی پاک ئەبێ هەر رێی راست بگرێ "

ـ لەکاروانی ژمارە (٥٧) نەموزی ١٩٨٧ ساڵی پێنجەمدا کاک سەردار میران بەشێکی کتێبەکەی لە ئەڵمانیەوە کردبوو بە عەرەبیو لەلاپەرە (١٣٠ تا ١٣٤)ی گۆڤاری کاروانی ناوبراوداو لە ژێر ناونیشانی " کردستان فی نظر سائح المانی " بڵاوی کردەوە .

٧ ـ هەروەها مامۆستا مەسعوود لە بەشێک لە یادداشتەکانی خۆیدا کە لە گۆڤاری رۆشنبیری نوێ دا بڵاوی دەکردنەوە لە ژێر ناونیشانی " گەشتی ژیانم " باسی رەمزی نافیعی کردوە (رۆشنبیری نوێ ژمارە " ١١٥ " ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٧ ل ٢٣٥ ـ ٢٣٦)

ماویەتی

پاشماوەی : وەرن با تێک بگەین ..

ئەگەر ئەوەبکەن رێ لە تورەیی و بێزاری و دڵڕەشبونی خەڵک دەگرن و لاپەڕەیێکی نوێی بڕواو تێک گەیشتن دەخرێتە سەرکتێبی دەنگوباسی سەرسوڕێنەر کە گوایە فلان لەراپەڕینە پیرۆزەکەدا ئەسپێ لەگیرفانیا سوزەڵە گیانمی دەگوت و ئەمڕۆ لەشارەخۆشەکانی ئەوروپا کۆشکی کڕیوە !! ئەم فلانانە یەک ودونین کەخەڵک ناویان دێنن و باسیان دەکەن و دەیان ناسن .

دەیسا باهێزدارەکان ئەمە بکەن ، تا لەگەڵ ئەم خەڵکەدا تێک بگەن و لەمەزیاتر لێک نەترازێن .

پاشماوەی : پەرتەیکی تر لەسەر مەزدەری ..

بەرامبەر رەفتاری درندانەی حەسەن دانی بەخۆیدا دەگرت. صدام لەباوەپیارەیەوە فیڕی تاکتیکی ژیانەوە بوو. شوانی ئاژەڵانی خەڵکانی تر چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد تۆڵەی ماڵە دزراوەکانیان بکەنەوەو هەر بەدزینیش ئەمەیان ئەنجام دەداو لەشوانانی تریان دەدزی فراندن کارێکی ئاسایی بوو .

مەڕومالاتیان دەدزی و هەرهەمان شەو دابەشیان دەکرد . وەزیریپێشوی عراقی پێی گووتم : دایکی صدام ئەیووبست سەرۆکی دابەشکردنی تالانیەکان بێت کە بریتی بوون لەگەنمو گیای ئالف و مەڕوو بەرخ و هەندێ جار ئاڵتون وزیویش .

کوڕە بچکۆلەکان ئاسایی چەکیان هەڵدەگرت ، بەبیانووی ئەوەی ئاژەڵەکانیان لەدز دەپارێزن . کوشتنی ئاژەڵانی کێوبی کەشێکی سەرەتایی تافی پیاوەتی بوو. سەرباری ئەمانە صدام بەشێوەیەکی لەخەڵکیش جیاواز لەشتەکان دەچووە پێشێ . کاتێ دزی دەکرد هەرگیز دەستکەوتەکەی رەت نەدەکردەوە . بۆ ئەمەش ریخۆڵەی بزنی پارچە پارچە دەکردو مەری ژەهراوی دەکرد . چێژی لەوە وەردەگرت کە پارچە ئاسنێک سوور بکاتەوەو پاشان بیچەقینێتە وورگی ئاژەڵێکی زیندوودا کاتێ بۆی نەدەگیرا گەدەی بکاتە دوو ئەمەش ئەو بنەمایەکە کەسەرتاپای ژیانی صدامی لەسەر بنیادنراوە واتە (ئەوەی نەیتوانی دەستگیری بکات ئەوا تێکی دەشکێنی) .

ساڵی ١٩٤٧ صدام هەستی بەساتێکی پڕ لەخۆشی کرد کاتێ دەربارەی گەرانەوەی خاڵی لەبەندیخانە ئاگادار بوو لەماڵی باوە پیارەگەیەوە بێ مۆڵەت وەرگرتن لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا رێگای گرتەبەر . کوڕێکی تەمەن (دە) ساڵان بەخۆی و دەمانچەیەکەوە گەیشتە تکریت بۆ هاودەنگی و هاوئاهەنگی نیشان دان لەتەک خەیروڵای خاڵیدا .

لەگۆڤاری Vainty Fair وەرگێڕراوە

پاشماوەی : ڕایەک لەسەر کێشەی جوتیاران ..

مەسەلەی زەوی چارەسەر بکەین و بەبڕیارێکی مەسئولانە دروشمی زەوی بۆ ئەو کەسەیە بەرهەمی دێنێت ـ بسەبرز بکەینەوەو کۆتایی بهێنین بەهەموو پەیوەندییەکی دەرەبەگایەتی ، ئەو پەیوەندییەی کەهەم گیانی سەردەمو هەم ناوەڕۆکی شۆڕشەکەمان رەتی دەکاتەوە . پێویستە ئەم خاڵە خاڵی لێوە دەرچوون بێت هیچ تەمومژێک نەگرێتە خۆوریک ورەوان بزمار داکوتێت بەتابوتی دەرەبەگایەتیدا .

هەر بروبیانوویەک بۆ هێشتنەوەی ئەم پەیوەندییەو چارەسەر نەکردنی مەسەلەی زەوی بەوەی گوایە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتیمان لەبارنیەو پەیوەندییە تیرە گەرییەکان هێشتا هەر ماون و... تاد لەناوەڕۆکدا مەترسییەکە بۆ بەمۆلەق هێشتنەوەی ئەم پەیوەندییەو خیانەتێکە لەجوتیاران وزەحمەتکێشانی لادێ و نەکۆڕینی ئەو دۆخەیە کەساڵەهای ساڵە دوژمن پارێزگاری لێ دەکات. ئەمڕۆ بەرنامەی هیچ حزب ولایەنێکی سیاسی بەرگری لە هێشتنەوەی ئاسەوارەکانی دەرەبەگایەتی ناکات و لەم ئەزمونەش دا وەفاداری بەرامبەر بەو بەرنامانە دەردەکەوێت .

خاڵێکی گرنگی تر لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە ماوەیەک دیاری بکرێت تیایدا گشت دێهاتییەکان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و بەپێچەوانەشەوە زەوی و زارەکانیان لەلایەن دەزگا تایبەتیەکانەوە دەستی بەسەردا بگیرێت و بەسەر جوتیاراندا دابەش بکرێت .

ئەمکارە هەڵمەتێکی نیشتمانی گەرەکە وتەنیا رووبەروی پەرلەمان نابێتەوە ، بەڵکو ئەرکی سەرشانی هەموو حزب ولایەنێک وریکخراوێکە بەوپەڕی هەست بە لێپرسینەوەوە لەکەناڵە جیاوازەکانەوە بایەخی لێپرسینەوە لەکەناڵە جیاوازەکانەوە بایەخی مێژوویی ئەم کارە روون بکرێتەوە .

بۆ ئەم مەبەستەش سەرەڕای دیاری کردنی ئەو ماوەیە پێویستە چەند هەنگاوێکی پراکتیکی بنرێت لەوانە ..

١ـ یارمەتیدانی دێهاتیەکان بۆ دروستکردنەوەو ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان لەسەرشێوەیەکی هاوچەرخانە بە جۆرێک کەهەر گوندێک دەزگا خزمەتگوزاریی سەرەتاییەکانی تیادابێت ونزیک بێت لەکێڵگەو مەزراکانیانەوەو بگونجێت لەگەڵ سروشتو ئارەزوەکانیاندا .

هەڵبەتە ئەگەر پەرلەمان لەرێگەی دامەزراوە تایبەتییەکانەوەو بەهاوکاری خێرخوازان و لە هەڵمەتێکی نیشتمانی بەربڵاودا ئەو گوندانە دروستبکاتەوە ,چاکترە لەوەی جوتیارەکان خۆیان بەرپرسیار بکرێن چونکە لە حالەتی یەکەمدا کارەکە جیددی تر خۆی دەنوێنێتو خێراتر بەئاکام دەگات .

٢ـ کەم کردنەوەی ژمارەی پێشمەرگەو چەکدارەکانو هاندانیان بۆ گەڕانەوەیان بۆسەر مەزراو شوێنی کار .

٣ـ دابین کردنی ئازوقەو کەرەسە پێویستییەکانی ژیان لە گشت گوندێک داو لەسەر سیستەمی کۆبۆنی .

ـ هاندانی موچەخۆران و توێژەکەم دەرامەتەکانی شار بۆ رووکردنە دێهات ئەویش بە بەخشینی زەوی و سلفەو ..... تاد .

٥ ـ کەمکردنەوەی جیاوازی ئاستی ژیان لەنێوان شارو لادێدا بایەخدان بەدەزگا خزمەتگوزاری و توریستییەکان لە دێهاتدا .

ـ دانانی زەریبەیەکی دیاری کراو لەسەر ئەو خێزانە لادێییانەی کە رازی نابن بگەڕێنەوە بۆ دێهاتەکانو ژیانی شاریان پێ خۆشە ئەمەش پاش ئەوەی هەموو گوندەکان ئاوەدان دەکرێنەوەو هیچ بیانوویەک نامێنێ بۆ نەگەڕانەوە .

٧ـ داواکردن لەکۆمپانیا بیانییەکان بۆ پاکردنەوەی گشت ئەو ناوچانەی بەمین چێنراون .

٨ـ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ورۆشنبیری لە دێهاتەکاندا .

٩ـ میکانیزەکردنی کشت وکاڵ وزیادکردنی ژمارەی پەیمانگا وکۆلیژەکانی کشتوکاڵی بۆ دابین کردنی کادرو پسپۆری پێویست .

١٠ ـ بایەخدان بەسامانی ئاژەڵی وزیادکردنی ژمارەی ناوەندەبەتاریەکان .

١١ـ هاندانی بەرهەمهێنانیبەرووبومەپێویستییەکانو گەیشتن بەخودکەفایی ـ الاکتفاء الذاتی ـ .

١٢ـ تایبەتکردنی سنوقێک بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکان ـ لەناوەو لەدەرەوەدا ـ بەسەر پەرشتی لیژنەیەکی دەست پاکی ژێرچاودێری راستەوخۆی پەرلەمان وبەکارهێنانی دەستکەوتەکانی ئەم سنوقە بۆ مەسەلەی جوتیاران بەتەنیا .

١٣ـ کەمکردنەوەو رێکخستنی ژمارەی ئەو رێکخراوە پیشەیی ومرۆڤ دۆستانەیەی تایبەتن بەئاوەدانکردنەوەی کوردستان و بەستنەوەیان بەدەسگا تایبەتییەکانی سەر بە ئەنجومەنی راپەڕاندن .

پاشماوەی : جەلالی میرزا کەریم

ناشەرعی وەکو دەڵێن لە چاپخانەی (برایەتی) بەشی زۆریم کردە فیلم و بەشێکی کەمی مایەوە.. ئیتر راکردنی بەسەرداهات و بەجێما. راستییەکەی هەتا ئێستاش ئەو شیعرانەم لای برادەریکن لەبەغداد. لەدەرەوەش گۆڤارو بڵاوکراوەی ئەدەبی و حیزبەکانیشدا شیعرم بڵاو کردوتەوە، بەشێکی زۆری شیعرەکانیشم کراونەتە عەرەبی ، دوو شیعریشم بەئینگلیزی نووسیووە ، یەکێکیان لە بڵاوکراوەیەکی ئینگلیزیدا لەو قوتابخانەیەی لێم دەخوێند بڵاوبۆتەوە، ویستم رۆژنامەگەری بخوێنم بەڵام بۆم نەچووە سەر لەبەر تەمەن و هۆی تریش . دیارە زروفی ئەمەریکاش ئەوەندە لەبارنییە بۆ چاپکردن چونکە ژمارەی شیعر دۆستانی کورد گەلێک کەمن ، نەشمدەتوانی بەچاپکراوی بیان نێرمەوە ولاّت چونکە زۆری دەویست ئێستاش خەریکی ئەوەم هەموو شیعرەکانم رێک بخەمەوەو ئامادەیان کەم بۆ چاپ وبەڵکو لەم هەلەدا بیان خەمە بەرچاوی خوێنەری خۆشەویست ، کەرچی زۆرێکیان لە رووی هونەرییەوە دەستکارییان دەوێ و هەندێکیان ونبوونو تەنها ئەوانە ماونەتەوە کەساڵی (٧٤ـ ٧٥) لە ئیزگەی شۆڕش تۆمار کراون ، دواجار لەنووسەری کوردستانی چیاو خەرمانەو رێگای ئاشتی و سۆشیالیزم شیعرم بڵاو بۆتەوە.

پ/ ئێستاش ئەگەر مامۆستا هەر پێشنیاری شتێکت هەبێت بیفەرموویت ؟

ـ تەنها خۆشیو سەرفرازی نەتەوەکەم دەخوازمو سوپاسی ئیوەش دەکەم کە بەسەرتان کردمەوە .

ـ ئێمەش جارێکی دی زۆر بەخیرهاتنتان دەکەینەوەو... دیسان سوپاس .

لەدیدو بۆچوونی (ماركسی) یانەوە وادەروانرێتە كێشەی ئافرەت كە رەنگدانەوەی چەوساوەیی چینایەتییەو هەر كاتێ ئەو چەوساوەیە بنەبڕ بوو ئەوسا كێشەی ئافرەت بەسانایی چارەسەر دەكرێت . واتە ساتەوەختەكانی خەباتكردنی (ئەو) دژی رژێمی داگیركەرو چەوسێنەرو نائینسانی ساتەوەختی هەوڵ دانبەتی بۆ شكاندنی كۆتەكانی دەستو پێی خۆی بەڵام ئەم بۆچوونە بەڵای منەوە (جێگای گفتوگۆ لەسەركردنە) چونكە دەمانخاتە بەردەم هەڵبژاردنی یەكێك لەم دوانە :

یان ئەوەیە ئەم بۆچونەش وەك هەندێ لە بۆچوونەكانی دیكەی (ئەم فەلسەفە مادییەیە عیلمییە) جێگای لێ دوانو گومانە ؟ ! یان ئەوەیە كوردستان خۆی هیچ بنەمایەكی ئابووریو رامیاریو كلتووریو رۆشنبیریو..تد ئەوتۆی تێدانیە بۆ ئەوەی جورئەت بكەین و دیواری هیچ روانینو بۆچونێكی فەلسەفیانەی لەسەر بونیاد بنێین .

«مەجالێك یەكگرتن»
یەكێتی ژنان و یەكێتی ئافرەتان

• كەژاڵ ئەحمەد •

ئەوەتانێ ژنانو كچانی ئێمە لەبەهاری ئازادیدا هێشتا هەر چەوساوەكانی دوێنێ ی تاریكو پایزە مردووەكانی رابردوون . لە وڵاتی كوردستاندا رەوتی بزووتنەوە سیاسییەكان لەبەرژەوەندی ئافرەتاندانیانو رێچكەی رۆیشتنی رووەو ئامانجی بەدیهێنانی سەربەستی (گەل) رێك پێچەوانەی رێو رێبازی رۆیشتنی رووەو ئامانجی بەدی هێنانی سەربەستی(ئافرەتە) .. بۆیە مەرگی (مێ) وەك رەگەز ، وەك بوون ، وەك كیانێكی سەربەخۆ لە (خەبات) دایە .. بەراستی سەیرە لەم بەشە زەمینەی دنیاداو لەسەر خاكی ئێمە بەشداری كردنی مرۆڤێك لە تێكۆشاندا لەسەر حسابی سرینەوەی بوونی خۆی بێت ... سانسۆرێك سەرداری عەرشی سیاسەتە لێرە ، كە مەحاڵە رێكا بدات ئافرەت وەكخۆی وبەزیندوویی و بە هۆشیارییەوە هەنگاوی تێدابنێو خواستی خۆیی یان خواستی گەلی تێدا ئەنجام بدا .

لەو حاڵەتانەشدا كە رێكخراوە بەناو ئافرەتیەكان ، دەبنە بەشێكی جیانەبووەوە یان پاشكۆی حیزبەكان ئیتر نەئەوەیە بتوانن لەو بوارە دابمێنە بەشێك نەئەوەشە بتوانن شتێك بۆ خەڵكو بۆ رەگەزەكەی خۆیان بكەن .

مەبدانە قۆرخكراوەكانی ژیان ، مەیدانی قۆرخكراوی سیاسەت ، ئەو مەیدانانەی جمەبانەدێ لە پیاوان بەتایبەتی مەیدانی سیاسەت لە كوردستانی خۆماندا هێمایەكی بۆ گەرم ترین و گەورەترینو (مەهزەلە) ی مێژووبی ئافرەتانە لە دونیایەكی ئازاد دا .

من دەڵێم ئەگەر بزووتنەوەی سیاسی ئێمە (وەك گەل) هاوشانو هاوڕێی خواستی ئافرەتان بووایەو دەروازەیەك بوایە بۆ چارەسەركردنی كێشەكەیانو هەوڵدان بوایە بۆ دۆزینەوەی خودی ون بوویان ، ئەگەر پرۆژەیەك بوایە بۆ زیندووبونەوەی ئەوانەی مردوویەكی جێگاگرن لە (كۆمەڵگای پیاو) داو لەسەر خاكی پیرۆزی كوردستانەكەی پیاو ئەوا : هەرگیز جووتێ رێكخراو لەو وەزعە ئاڵۆزوناسكەدابەو ناتەواوییە لەدایك نەدەبوون بۆ ئەوەی لەناو هەناوی هیوای گەلەكەیاندا كە (پەرلەمانە) ، كانێك پێشنیار دەكرێت رێكخراوێكی (مێ) یانەی یەكگرتوو لە كوردستاندا دابمەزرێت " ئەوان " لەسەر بابەتێكی زۆر بێمانای وەك وشەی ژنو وشەی ئافرەت كەمەسەلەیەكنیەو پێك نەیەنو لە ئەنجامیشدا پەرلەمان بریاری رەتكردنەوەی پێشنیارەكەو دروسكردنی رێكخراوە بەناو (پیشەیەكە) دەربكات . زۆر بەدڵنیاییەوە دەڵێم كێشەكە كێشەی پێكنەهاتنیە لەسەر (ناو) هێندەی ئەوەی كێشەكسان سیاسین . جا مێیەكانی لای ئێمەش هەر هێندە لە (سیاسەتی پیاوان) تێدەگەن كە دوای ئەوەی حزبەكان بەتوندی دەستی برایەتیو هاوڕێیەتیان لەملی یەكتر ئاڵاند كەچی ئافرەتانمان بەكەلە رەقیەكی بێماناوە لەسەر دوورە پەرێزیو یەك نەگرتنی خۆیان بەردەوام دەبن بۆ ئەوەی هەمیشە پێشنیارو روانینێكی باش كە نیازی وابێ لە پێناوی رەگەزی (مێ) دا بێت ئەمان بیدەن بە زەویداو هەیەروون بۆ هەپروونی بكەن .

ئێمەش بەتوندی گلەییمان هەیەو دەڵێین نكایە ... وەك ناتوانن هیچ باشەیەك بۆ هاوڕەگەزەكانی خۆتان بكەن ، پاشە رۆژیان مەسووتێنن وەك ئەمڕۆیان تاسەر ئێسك سووتاوە .

ئێوە ئەركێكی گەورەو مێژوویی و ئاڵۆزتان كەوتۆتە سەرشان ، ئێمە دەتوانین بەرگەی نەبوونی بگرین ئەوكاتانەی مناڵەكانمان لەبرساندا بۆ .. شیر دەگرین یان بەبەرچاوی خۆمانەوە جوانەمەرگ دەبن ، لەسەردەمی نوونەكی جەو ری بەعسیانیشدا ئاشكرایە چ خۆڕاگرێكو چۆن پۆڵایەك بووین ئێستاش ئەڵغامی رق دەبەستین بەخۆمانەوە لە رێگای هاتنەوەی ئەو درندانەدا ئێمە بەرگەی هەموو شتێكمان گرتووە تا ئێستاو بەرگەی زۆر شتی دیش دەگرین

بەڵام ناتومێدمانمەكە .. چونكە ژووری پەرلەمان ژووری هبواو رۆحی خواستەكانانە ، ناتومێدمان مەكەن

كوردستان هەڵناگرێو
ئافرەت هەڵناگرێو
خواش هەڵناگرێ

٢٣ /٦/ ١٩٩٢

خوێندنی زمانی كوردی وچەند بیرهێنانەوەیەك ..

نووسینی / مامۆستایەك

یەكێك لەوربگایانەی كە رژێمە داگیركەرەكانی كوردستان بۆ سڕینەوەی خودی نەتەوەیی و قەوارەی كوردایەتی لەبەریان گرتووە هەوڵدانی شێواندن و لە بنەڕەتەوە لەناوبردنی زمانەكەمان بووە . بۆ گەیشتن بەم مەبەستە نامرۆڤانەیان لەهەموو پارچەكانی كوردستاندا رێگای بەكوردی نووسین و بە كوردی خوێندیان قەدەغە كردووە، دوای خەباتێكی درێژخایەنی بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی نەتەوەیمان لە كوردستانی عیراق داو مل كەج كردنی رژێمی داگیركەری بەغداد بۆ بەیاننامەی یازدەی ئادار ، ئێمەی كورد لەم بەشەی وولاتەكەماندا مافی بەكوردی خوێندنمان بەدەست هێنا كە ئەمەش لەخۆیدا دەستكەوتێكی كەم نییە بۆ ئەو كاتەی ئێمە . بەڵام پاش پاشكەزبوونەوەی رژێم لە بەندەكانی بەیاننامەكەو دەست پێكردنەوەی شەر هێدی هێدی دەولەتی داگیركەری بەغدا بەرەو داگیركردنەوەی ئەو مافە لەگەلی كورد هەنگاوی هەڵنا، هەتا دوای هەرەس بە ماوەیەكی كەم بریاری كردنەوەی خوێندن بەعەرەبی لە كوردستاندا دەركرد بەتایبەتی زانستە مرۆییەكان . وەكو ئەمرۆ لەیادمە لەرۆژی گەیشتنی بریارەكە بە قوتابخانەكانی سلێمانی لەزۆربەی قوتابخانە ناوەندیو ئامادەییەكاندا خۆپیشاندان كرا... بەڵام دوژمنی خوێن رێژ وەكو خۆی ئاسایی خۆی بەگرتن وتۆقاندن وزەبرو زەنگ وەڵامی دایەوە . دەولەتی بەغدا لەم نەخشەیەی خۆیدا بەردەوام بوو هەتا ئەو ئاستەی سەرجەم بەرنامەی خوێندنیان شێواندن وپڕیان كرد لە ئایدیۆلۆژیای بەعسو فیكری (العروبە) ، ئەمەش هەر لەقۆناغی سەرەتاییەوە وەك رێگایەك گرتیانەبەر هەتا خوێندنی باڵاش بەو هیوایەی هەر لەبنەرەتەوە عەقلی سەرجەم مرۆڤی عیراقی بەگشتی وكورد بەتایبەتی بگۆڕن .. دیارە ئەو پرۆگرامەی خوێندن هەتا ئەمساڵیش لە قوتابخانەكانی كوردستانی ئازادكراودا گوترایەوەو زۆر لە مامۆستایان تەنانەت مێژووە رەشەكەی بەعس و (العروبە) شیان هەرگووتەوە لەلایەكی تریشەوە زمانی كوردی كەوەك لەوانەیەك لە سەردەمی رژێمی كۆلۆنیالیزمی عەرەبیدا لە قۆناغی ئامادەیدا بۆ تاقی كردنەوەی گشتی داخل نەبوو ئەمەش لەو روانگەیەوە كە بڕوایان بەبەهای زمانی كوردی نەبوو بەڵام سەیرەكە لەوەدایە كەئەمساڵی خوێندن ئێمەی كورد هیچ پەیوەندیەكمان بەبەغدای پایتەختی داگیركەرەوە نەبو هەر لەسەرەتاشەوە كەرژێم بەتەواوی وەدەرنرا لە كوردستان وداموودەزگایانی بەڕێوەبردنیش كشانەوە ئیتر نەدەبوو بەڕێوەبەرانی پەروەردە لە شارە ئازادەكانی كوردستان چاوەڕوانی ئەوەیان بكردایە پرسیاری تاقی كردنەوەی گشتی لەبەغداوە بێت ، لەگەڵ ئەوەشدا بیر لەوەنەكرایەوە كەزمانی كوردی بكرێتە وانەیەكی رەسمیو بۆ تاقیكردنەوەی گشتی حیساب بكرێت . ئەوەی ئەمساڵ تازەچوو بەڵام خوابكات بۆ ساڵی داهاتوو زمانی كوردی بڕەوی پێبدرێ و نەك هەربۆ تاقیكردنەوەی گشتی بەڵكو پرۆگرامەكەش بكۆڕدرێت و ژمارەی وانەكانیش لەدوو (وانەی هەفتانەوە) بەرزبكرێتەوە .. خۆزگە چەند دەورەیەكی بەهێزكردن لەلایەن شارەزایانی زمان و ئەدەب و مێژووی ئەدەبی كوردی و رەخنەسازیشەوە بۆ مامۆستایانی ناوەندی ئامادەیی دەكرایەوەو بەشی زمانی كوردی كۆلێژی ئادابیش تۆزێ زیاتر گرنگی بە خوێندنو فێركردن دەداو هەروا بەسانایی بڕوانامەی نەدەدایە قوتابیان هەتا شایانی ئەوە نەبوونایە ببنە مامۆستای لێ هاتوو شارەزایی ئایندەی زمانی كوردی ... بەڵكو بەهەموو لایەك گیانی گرنگی دان بەزمانەكەمان لای قوتابی و خودی خوێشمان وەك مامۆستا بژاندایەتەوە .

ڕۆژنامەی ڕۆژانی دژوار :

. . . لەگەرمە گەرمی راپەڕیندا و دووەمین رۆژی رزگاربونی شارۆچكەی (. . .) سەرمان چەنجاڵی هەزار كارو بەرنامەی بەپەلەبوو ، لەوكاتەدا هاووڵاتیەك هاتە لامو گووتی :

+ مامۆستا هاتووم بزانم ناوم نەگەڕاوەتەوە لای ئێوە ؟!
+ ناوی چی كاكە ؟
+ ناوی تەنزیمی !
+ بۆچی كاتی خۆی تەنزیم بووی ؟
+ ئەدی كو مامۆستا !
+ باشە جەنابت كەیو لەكوێو لای كێ تەنزیم بوویت ؟
+ وەڵا مامۆستا من لەساڵی (٨٢) لەدوڵی (.....) لای كاك (.....) سەربەحزبی (.....) ناوی خۆم نوسی.
+ باشە دوای ئەوەی ناوی خۆت نوسی پەیوەندیت بەردەوام بوو ؟
+ (مار خراپ) ماپاش هەنگێ كێ دەویرا فزەی لێوەبێ!؟ (بەسەرسوورمانو گرنژبنەوە) .
+ بەڵام كاكە ئێمە لەو حزبەنین كە تۆ ناوی خۆت لانوسیوە .
+ دەزانم بەڵام گوتم نەوەك لەودیوی ناوم كەرابێتەوە لای ئێوە !

بەم شێوەیە كابرامان بەرێ كرد بەڵام ئەم رانی ئاخۆ ناوی خۆی لای كام حزب دۆزیەوە (ئێستاش) لە كوێ ئامیرو فەرماندەیە ؟ !

ئاریز

پاشماوەی : ماندیلا .. من خزمەتكاری گەلەكەم

لە زیندانو لە ژووری ناكە كەسیدا ، مەرگ هەرەشەی لێ دەكردن ، دادگایی كردنی ماندیلاو هاوڕێكانی لە ٩ ی تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٦٣ ەوە دەستی پێكردو تا ٢٠ نیسانی ساڵی ١٩٦٤ درێژەی كێشا . ئەوان لە كاتی دادگاییكردندا كەوتنە داكۆكی لەخۆ كردن ، ئەو داكۆكییانە بەناوبانگترین بەڵگەنامەی ئەدەبیاتی سیاسی ئەم سەردەمە دەژمێردرێنو ، چەندین جار بەناونیشانی قسەیەكی ماندیلا : " من ئامادەی مردنم " وە بڵاوكرانەوە. سەرەنجام دادگا حوكمی بەندكردنی هەتا هەتاییی بەسەردادان .

ماندیلا ، لە زیندانیشدا پێوەندی لەگەڵ تێكۆشەرانی گەلەكەی نەپچراو ، لەسەر خەباتو تێكۆشان بەردەوامبوو لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتادا رژێم بەڵێنی ئازادكردنی پێدا ، بەمەرجێك رابگەیەنێ كە دەست لە سیاسەتی توندو تیژی . وەك شێوازێكی خەبات هەڵ دەگرێت ، بەڵام رازی نەبوو .

ماندیلا گوتوویە : ـ دوو رێگە لە پێش گەلدا هەن ، خەباتو تێكۆشان ، یان سەرشۆڕیو ملكەج كردن . راستیی مێژوو ، پشتگیری قسەكەی ئەوی كرد ، چونكە هەرگیز سەرشۆڕ ناكات . هەر بۆیە رۆریان بۆ هێنا تا رشەی " خۆبەدەستەوەدان " ی پێبدركێنن ، بەڵام هەرگیز بەرازیدا نەهات .

پاش بیستو حەوت ساڵ زیندانی ، رژێم ناچار بوو ئازادی بكات . تا لە دوانیوەڕۆی ١١ ی شوباتی ساڵی ١٩٩٠ دا لە زیندان هاتەدەرەوە ، بۆ جارێكی دی رابگەیاندەوە كە دەست لە خەباتی چەكداریو توندوتیژی هەڵناگری ، چونكە رژێمی رەگەزپەرست هەرماوەو نەگۆڕاوە . لە هەمان كاتدا ئامادەبە گفتوگۆ بكات ، بەمەرجێك گفتوگۆ كە سەبارەت بە هەقو یەكسانیی گشت جەماوەریو ، بێ جیاوازی رەگەز بەكسانی بۆ گشت گەلانی باشووری ئەفریقیا دابین بكات .

ماندیلا ، بێ هەواوفیز هاتەوە ناو گەلەكەیو ، گووتی : چەپڵەم بۆ لێمەدەنو ، وەك پێغەمبەریش تێم مەڕوانن، چونكە من خزمەتكاری ئەم گەلەم .

سەركەوێ بزافی شۆرشگێرانەی گەلان ، لە پێناوی سەربەخۆیی بەكجارەكی .

ئامادەكردنو وەرگێرانی
هیوا ساڵح ئەحمەد

راية الحرية

جريدة سياسية اسبوعية
يصدرها حزب كادحي كردستان

العدد (٢٩) الدورة الثانية الاحد ٥ / ٧ / ١٩٩٢

Weekly Newspaper
Issued By Kurdistan Toiler's Party

NO, 29 Sunday: 5 - 7 - 1992

ALAY AZADI

Freedom Banner

بانگ

دەربارەی یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان

لەم رۆژانەدا لە رۆژنامەو کۆڕو دانیشتنەکاندا باس هەر باسی چۆنیەتی دامەزراندنی یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستانە ... لە نێو برادەرە رۆژنامەنووسەکاندا مقۆ مەقۆی دواکەوتنی راگەیاندنی لە دایک بوونی ئەم یەکێتییە تەشەنەی سەندووە ..

سەرەتا دەڵێین رێکخراوە پیشەییەکان بە چوارچێوەی شەرعیەتو حەقیقەتی کۆکردنەوەی وزە پیشەییەکان دادەنرێت .. یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستانیش دەفری راستەقینەی کۆکردنەوەی وزەو توانای رۆژنامەنووسان .. لەبەر ئەمە هەوڵوکۆششی مەردانە لە پێناو دامەزراندنی ئەم یەکێتییە کارێکی هەرەگرنگی ئەم قۆناغەی ئێستامانە چونکە ئەم توێژە دەتوانی رۆڵێکی گرنگ لەبەرەو پێشەوە چوونی رەوتەکەمان بگێرێ و بەشداریەکی کاریگەرانەش لە بنیاتنانی کۆمەڵگای کوردەواری بکات .

کۆسپی سەرەکی لەبەردەم سەر هەڵنەدانی ئەم یەکێتییە وادیارە هەیکەلی پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکەری یەکەم کۆنگرەی یەکێتیو سروشتی پێکهێنانیو چۆنیەتی بەشدارکردنی نوێنەری پارتە نیشتمانیەکانی ناو بەرەی کوردستانییە .

سەرەڕای گرنگی ئەم لایەنە پێکهێنانی دەستەی ئامادەکەر بە هەر شێوەیەک بێت لەکارو بارەکە ناگوڕێت . چونکە ئەرکی ئەم لیژنەیە تەنها ئامادەکردنە بۆ کۆنگرە .

لەبەر ئەمە داوا دەکەین ژمارەیەک لە رۆژنامە نووسە شارەزاکانی کاروباری نیقابی راسپێرن تا دەستەیەک لە دە ئەندام زیاتر نەبێت بۆ لیژنەی ئامادەکردن پێکبهێنرو بەسەر هەر چوار پارێزگاکەی کوردستاندا دابەش بکرێت تا بۆ کۆنگرە ئامادە ببن و دەستەی کارگێری یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵبژێرن ، تا لەپیناو یەکگرتنی رۆژنامەنووسانو وزەو توانا و قسەیان درێغی لە هەوڵو کۆشش نەکات، وتائێرەو چاوەڕوانی بەسە .

٥ نزار جرجیس علی ٥

قسەی هەق

میللەتی کوردو چارەنووسی دوا رۆژی خۆی دیاری دەکات ، چاوەڕوانین بزانین (حوکمی زاتی) لە ئێرانو عیراق چ بەهایەکی دەبێت ، سەبارەت بە تورکیا لەم قۆناخەدا کورد دەبێ حکومەتێکی فیدرالی لەگەڵ تورک پێکبێنیو دیسانەوە دوا رۆژی ئەم حکومەتەش کورد بریاری لەسەر دەدات ئاخۆ دەگەڵ تورکیا دەمێنێتەوە یان حکومەتێکی سەربەخۆ پێک دێنن .

یەلماز گۆنای
تشرینی یەکەمی ١٩٨٢

ئەمە هاوغنەم

نوسینی
ئیدریس شەیداهۆ

رۆژێ یە چەند دیمەنێکی دڵنەرێن و پڕکەسەر ، هەستی بینایم لێ نەگرێ ، چەنگاڵ لەئەوکم گیردەکەن ، هەستی شەوسام داگیر دەکەن ، سامی مەرگ وبرسیەتی لەو وڵاتە دەکەنە دیاری ، منالێکی تەمەن یەک ساڵەی بێ نان جلێکی پیس وچڵکن لەژێر سێبەری دایکێکی مەلوول زۆر بەکزی هەناسەی ساوا دەدا دەمێک گریان دەمێک نوستن، لەتۆزو خۆڵ گەوزاو لەناو پۆلەمێشێ ، دایکی کۆست کەوتو پەڕوێەکی پیس ودرای لەبەر رەحمەتی ویژدانی ئەو خەڵکە راخستوە، ئەم دیمەنانە زۆرن لەبن دیواری قەلا، لەبەردەرگای مزگەوتان لەناو وەزارەتی شیخەللا، لێنان دەبرسم ئایا ئەو کەسەی رۆژانە ئەو دیمەنانە دەبینێ لەگەڵ ژەمی نان خواردنا نایەنەوە پێش چاوی ، ئایا کە شەوانە لیف بەمنالەکانتان دادەدەن ئەو منالە بێ نان کەوتوەی بن قاندرمەی قەلای هەولێرتان نایەتە پێش چاو، ئایا خەون بەو کچە خنجیلانە سەقەتەی ناو مزگەوتی گەورە نابینن ، ئایا ئەو ئافرەتە کوێرە منال بە کۆڵەی بەردەرگای (کەباب بورهان) دلتان ناتەزێنێ ؟هو خەڵکینە رەحمێ! بەرە عیلاجێ! پەرلەمان هاوار ئەمانە دیاری بەعسن کەچەندین ساڵە بەدیاری بۆ ئێمەی دەنارد دەباخەمێکیان لێ بخۆین ، ئەوانیش مرۆڤن کوردن ، دەنگیان داوە ، ئەمانەش حەز لەژیان دەکەن، خەون دەبینن ، مەحرومن ، دڵیان بۆ بەهار لێ دەدا! دەبا کورد چیتر نەمرێ ، خۆ چارەش ئاسانە ئەگەر چەند ژوریکیان بۆ پەیدا بکەن ، مانگانە هەندێ خواردەمەنیان بۆ دابین کەن ، هەموو مەروفەکەش ناکاتە پارەی ئەو بەترینەی کە رۆژانە لاندکروزەرێک بێ ئیش وکار بەناو شاردا دەسوڕێتەوە ، هۆپەرلەمان توخوا ئەگەر مەشروعاتی گرنگتان لەبەر دەمدایە بۆ گفتوگۆ هەرج نەبێ بەڵکە ئەو بابەتەش بخەنە سرە بۆ چارەسەر. تۆزێ بەزەیی! وەللاهی دوومنالێ بێ دایک وباوکیان هی هەڵەبجەن ، سێ ژنو دوومنالم دیوە پاشماوەی ئەنفالن ، دەبروا بکەن هەندێکیان کەس وکاری شەهیدانن .

هەڵەبجەو کۆچ



لە پیشانگایەکی هاوبەشدا

کۆری رۆشنبیری کورد ـ دەستەی هەولێر رۆژی ١٩٩٢/٦/٢٧ سەرنجی بەرەو پیشانگایەکی پۆستەری هاوبەش کێشکردین کەلەگەلەری (میدیا) بۆ (٢٠) هونەرمەندی دەسترەنگینی ئەنجامدا .

ئەم دەنگانەی خوارەوە کۆراڵی پیشانگاکەیان پێکهێنابوو ، ئیقاعێکی هارمۆنی کوردانەیان بەدەستەوە دەدا : عمر دەرویش ، عمر رەسول ، وهبی رسول خالد رسول ، هۆشیار سعید ، سالار مجید سامان کریم ، سامان قادر ، بێ گەرد عوسمان ، بەختیار ، پەیمان قادر ، شێروان ، دلێر ، کاروان ، جەزا ، مەریوان رزگار ، نەوزاد ، رێبوار ، ئاکۆ .

ئەستەمە زمانی پەیڤی کەم مەوداو زمانی رەنگی رووکەش بتوانن گوزارشت لەبرینی کەلەگەتی هەڵەبجەو کۆچی چوار ملیۆن گەلای رۆحدار بکەن ..! ئەو کارەسانە سیحرامێزو موچڕک خوڵقێنانە لەهەرێمی زمانێکی رووبەر فراوانیشوورە نەبێ ئارامیان پێ ناگیرێ .

لەم پیشانگا هاوبەشەدا ـ هەڵەبجەو کۆچ ـ وێکرا دەگەڵ جاوو سەرجەم هەستەکانی دیکەی بینەر دەدوان ، لە دارستانی رەنگ وهێڵکاری کەڤاڵەکاندا هەست بە ئامادەگی زمانێک دەکرا کە توانای گەمارۆدانی تارمایی کارەساتەکانی هەیەو لەتوانایدایە بیانگوازێتەوە دەڤەری هونەرێکی دەستەمۆنەبووی دوور لە چێژی کەرووو هەڵهێنراو .

رۆژنامەکەمان بەگەرمی دەستی ئەو هونەرمەندانە دەگوشێ و هیوای بەردەوامیش بۆ کۆری رۆشنبیری کورد دەخوازێ .

لەبات خەڵات

بۆ حەفتەنامەی ئالای ئازادی

دوای رێزو سلاو :

ئەمرۆ ژمارە ٢٨ ی خولی دووەمی حەفتەنامەکەتانم خوێندەوە زۆر باسی ئازادو ئازایانەم تێدا دیتن لەوانەش (پێشبرکێ !) کە دوایین بابەتی حەفتەنامەکە بوو ، ئەو باسە ئەوەندە گرنگو کردەوەی لەسەر نووسراو ئەوەندە کۆمەڵ بۆگەنکەرە نەک هەر بە هەشت، نۆ ، دە ، دێری ناوستوونی بڵاوکراوەیەک مافی خۆی نادرێتێ بەڵکو لێی دەوەشێتەوە کە کتێبی سەربەخۆی لەسەر بنوسرێ .

ئێمە لە ٢٣ /٦/ ١٩٩٢ سەردانێکی چۆمانمان کرد لە شەقڵاوەوە (باخی) تەمەن هەشت ساڵانەشمان لەگەڵدا بوو هەر لەخۆیەوە کەوتە ژماردنی سەیتەرەکان لە نێوان دیانانو چۆماندا ، لە کۆتاییدا گوتی ژمارەیان بوو بە ٢٨ سەیتەرە بەڵام کە لەناوپردان لە بارەگایەک لاماندا و باسی سەیتەرەکان هاتەوە گۆڕێ فەرماندە گوتی شەوی رابردوو لە نێوان دیانانو حاجیۆمەراندا سەتو دە (١١٠) سەیتەرە ژمراون . جا نازانم خەڵاتەکەتان وەبەر (باخی) دەکەوێ یان وەبەر فەرماندەی هێز یان وەبەر من ! ئەگەر وەبەر من بکەوێ لەباتی خەڵات لێتان داوادەکەم بەزاری من بەخاوەنانی ئەو پاشمەرگە شیرین خۆرە خۆینتاڵە ناشیرنانە بڵێن ، با بەیانێک دەرکەن لە دووخاڵ با یەکێکیانی تێدا بنوسن یان با تێدابنوسن کە ئەو چەکدارانە سەر بەئێمەنینو بەرەڵلان ، یان بنوسن ئێمەش (خاوەنەکانیان) باوەڕمان بە شەرموو شوورەیی نەماوە ، خوێنی خۆشم لەسەر خۆم .

هەر بژین بۆ کورد .

شێخ محمد باڵەک

ڕوانگە

داکۆکی لە پێشمەرگە

* لەشەوە زەنگ دا ، شێرئاسا هەڵمەتت دەبردو دوژمنت دەتاساند .
لەکرێوەو تۆف و رۆژە دژوارەکانو شەوە نووتەکەکان ، کوتەک شکێن بووی .
مەردو ئازاو رەند بووی .
خوێن بەخش بووی .
شاخو دەشت وچەمو رووبارت وەدەنگ دینا داکۆکی کەری هەزارو لێ قەوماوان بووی خولقێنەری شیعرو چیرۆک و داستانەکان بووی .
چ مێژوویێکی پڕ لەسەروەریت تۆمار نەکردو ،
چ گیانفیدایی یەکیشت نەکرد، ئەی لاوی پێشمەرگە ؟
* ئێستاش ،
ـ بەناوی تۆوە دەدزن ، رێ لەخەڵک دەگرن (شیرناتی) وەردەگرن ،
مرۆڤ دەڕەتێنن ، تۆوی دوژمنایەتی دەچێنن .
ـ بەناوی تۆوە ، خۆ لەسەر ئەوانە هەڵدەکێشن کەتادوێنێ کەس و پەناو داڵدەت بوون .
ـ بەناوی تۆوە ، لەباتی بەرگری کردن لە کوردستان و وەستان لەمەترێزی شەرەفدا پێشبرکێی جەردەییت پێ دەکەن !.
ـ بەناوی تۆوە بژیوی خەڵک قووت دەدەن
ـ لەبەر ساهو گەورەییت فیز دەکەن
ـ لەسەر زەحمەتت دەژین .
* چ وەرامێکت هەیە ؟
ـ پێت خۆشە تۆماری قارەمانێتی دەیان ساڵەت بە (چرکی دەست) بسرنەوە ؟
ـ چاوت هەڵدێ ببینی رۆژە بەشکۆکانت لێ ئاوابن ؟
* چ دەڵێی ؟
ـ من داکۆکی لەیادگاری رۆژانی غەریبیو برسێتی و گەرماو (تەوزیع) و جێگای (ئیحتیفا) دەکەم .
ـ داکۆکی لەبێ بەشی و دوورەپەرێزی خۆم دەکەم ....
ـ داکۆکی لەخەباتی شێلگیرانەی گەلەکەم دەکەم .
ـ داکۆکی لەناوی (پێشمەرگە) دەکەم
ئەرێ کەس هەیە بەرگری لە هەقی خۆی نەکا ؟
براینە ، کەس بەدەنگمەوە دێ ؟

شەووبەرگی خۆشناوی

بەیاننامە

لەقەوارەیەکی بچووکی ـ ٤٨ ـ لاپەرەییو لەبەرگێکی رازاوەی قەشەنگ و بەچاپێکی نوێ (بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) پەسند کراوی یەکەمین کۆنگرەی یەکگرتووی حزب ٤/٢٧ - ١٩٩٢/٥/١ هەولێر ، لە چاپ دەرهات .

ئەم نامیلکەیە لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی راگەیاندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانە .